# سیستەمی سیاسی بۆ کۆمەڵگە گۆڕاوەکان*

سمیە فلو عبود
و: سۆران ئەحمەد

## سیستەمی سیاسی و دارِزانی سیاسی

**یەکەم: کەلێنی(الهوە) سیاسی:**

دیارترین جیاوازی سیاسی لە نێوان دەوڵەتاندا پەیوەندی بەجۆری فەرمانڕەواییەوە نییە ،بەڵکو پەیوەندی بەئاستی ئەو فەرمانڕەواییەوە هەیە ، جیاوازی لەنێوان دیموکراسی و دیکتاتۆریدا لەو جیاوازییە کەمترە کەلەنێوان ئەودەوڵەتانەدا هەیە کەلە سیاسەتیاندا کۆدەنگی و رێکەوتن و رەوایی وچالاکی و سەقامگیری بەرجەستە دەکات، و ئەوانەی کە سیاسەتەکەیان لەم ئاستەدا بەدەست بێتواناییەوە دەناڵێنێ.

دەوڵەتە سوشیالیستە گشتگرەکان و دەوڵەتە لیبراڵە رۆژئاواییەکان بەشێوەیەکی گشتی هەموویان لە گروپی سیستەمە

سیاسییە چالاکەکان دادەنرێن وەک سیستەمێکی لاواز پۆلێن ناکرێن. لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بەریتانیای گەورەو یەکێتی سۆڤیەتدا شێوازی جیاوازی فەرمانڕەوایی هەیە، بەڵام لەم سیستەمانەدا حکومەتەکان فەرمانڕەوایی دەکەن.

لەهەر دەوڵەتێکیاندا یەکگرتوویەکی سیاسی هەیە لەلایەن گەلەوە بۆ رەوایەتی سیستەمی سیاسی، لەهەر دەوڵەتێکیاندا هاوولاتیان و سەرکردەکانیان لە روانین بۆ بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگەو نەریت و پرەنسیپەکان هاوبەشن کە لەسەر پایەکانی یەکگرتوویەکی سیاسی بونیاد دەنرێت. لەم سێ دەوڵەتەدا دامەزراوە سیاسییەکان بەهێزو گونجاو و توندوتۆڵن، بیرۆکراسییەت کارایەو پارتە سیاسییەکان باش رێکخراون، سیستەمەکە کار بەچاودێری مەدەنی دەکات.

لەسەر هێزە چەکدارەکان، چالاکی بەردەوامی حکومەت هەیە لە بواری ئابووریدا رێوشوێنی شیاو دەگرنەبەر بۆ رێکخستنی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و کۆنترۆڵی ململانێی سیاسی. ئەم حکومەتانە لاگیری (وەلائی) هاولاتیان لەبەر چاو دەگرێ، هەروەها توانای سەپاندنی باجی هەیە لەسەر شمەک و، بەسەربازکردنی توانا مرۆییەکان و، دیاریکردنی سیاسەتێکی دیاریکراوو جێبەجێکردنی لەکاتێ مەکتەبی سیاسی یان ئەنجوومەنی وەزیرانی یان سەرۆکی دەوڵەت بڕیارێک دەردەکات، باشتر وایە لە رێگەی میکانیزمەکانی فەرمانڕەواییەوە جێبەجێی بکات.

بەم خاسیەتانە سیستەمی سیاسی لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بەریتانیاو یەکێتی سۆڤیەتدا تاڕادەیەکی زۆر جیاوازە لەو حکومەتانەی کە لە زۆربەی دەوڵەتە هاوچەرخبووەکاندا لە ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتینیدا هەن، ئەگەر لەگەڵ هەموویدا نەبێ ئەم دەوڵەتانە کەموکوریەکی زۆریان هەیە. بەدەست نەبوونیەکی حەقیقی دەستەبەرکردنی خۆراک و بڵاوکردنەوەی خوێندن نووسین و فێرکردن و سەرمایەو داهات و تەندروستی و بەرهەم هێنانەوە دەناڵێنن، بەڵام زۆربەی ئەمانە کە دان بەبوونیاندا دەنرێ. هەروەها هەوڵ و کۆشش هەیە کە بۆ بەرەنگاربوونەوەیان دەدرێت. بەڵام بۆ ئەم

کەموکوڕیانەو زیاد لەوانەش کەموکورتی زۆر گرنگتر هەیە، کەموکورتی یەکگرتووی سیاسی و فەرمانڕەوایی کاریگەرو هەژموون کارو ڕەوا. والتەر لیبمان دەڵێت: «من زۆر باش دەزانم کە هیچ پێویست نییە، بۆ ئەوانەی کە لەو گروپانەدا دەژین پێداگرییەکی زۆر دەکەن لەسەر ئەوەی «حوکم کراوبن»[١]

بەئۆتۆنۆمییەکە ئەگەر بکرێ، حوکمێکی باش ئەگەر بەختەوەربن. بەڵام حوکم کراوبن بەهەر شێوەیەک بێ، بەڕێز لیبمان ئەم ووشانەی لەکاتی بێ ئومێد بوونی لە بارودۆخی وولاتە یەکگرتووەکان نووسیوە، بەڵام بەسەر ژمارەیەکی زۆری دەوڵەتە هاوچەرخبووەکانی ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتینیدا جێبەجێ دەبێت، کاتێ کە یەکێتی سیاسی لە حاڵەتی لەناوچووندایە، دامەزراوە سیاسیەکان تیایدا جگە لە بڕێکی کەم لە دەسەڵات و بڕێکی کەمتر لەسەروەری و نەبوونی نەرم و نیانی (مردن) هیچی تری نین، لێرەدا زۆر بەئاسانی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا حکومەتەکان فەرمانڕەوایی ناکەن. لە ناوەڕاستی پەنجاکانی ئەم سەدەیەدا (سەدەی بیست) گونارمیردال سەرنجی جیهانی بۆ راستییەک راکێشا کە دەوڵەتە دەوڵەمەندەکان لە جیهاندا دەوڵەمەندتر دەبن، بەشێوەیەکی رەهاو بە شێوەیەکی ڕێژەیی خێراتر لە دەوڵەتە هەژارەکان. ئاماژەی بۆ ئەوەکردوو گووتی: جیاوازی ئابووری بەشێوەیەکی گشتی لە نێوان دەوڵەتە دەوڵەمەندو هەژارەکاندا زیادی کردووە. لەم سالانەی دواییدا لە ساڵی ١٩٦٦ دا بەڕێوبەری بانکی نێودەوڵەتی بەهەمان شێوە بەیانی کرد. بەپشت بەستن بەپێی ئێستای گەشەکردن ڕێژەی بێ توانایی لە داهاتی نەتەوەیی تاکەکسی لەنێوان وولاتە یەکگرتووەکان وچل دەوڵەتی تازە پێ گەیشتوودا بەڕێژەی پەنجا لە سەد لە ساڵی ٢٠٠٠دا زیادی کردووە[٢] ئاشکرایە لێرەدا دەرەنجامێکی هەیە، دەکرێ تاکە دەرەنجامی سەرەکی بێت. بۆ زانستی ئابووری نێودەوڵەتی و گەشەسەندنی ئەمەش ئارەزووی بێ توانایی ئابوورییە بەشێوەیەکی ئاشکرا بۆ زیادبوون و جیاوازی لە بواری سیاسیدا. کێشەیەکی تری هاوشێوەی سەری هەڵدا بەهەمان بڕ لە پێداگری ئەو کەلێنە لە سیاسەتدا زیاتر فراوان بوو وەک لە ئابووریدا، لە نێوان سیستەمە سیاسییە

پێشکەوتووەکان و سیستەمە سیاسییە دواکەوتووەکاندا، لە نێوان سیستەمی فەرمانڕەوایی مەدەنی و سیستەمی فەرمانڕەوایی بەسەرچوودا. کەلێنی ئابووری لەم کەلێنە سیاسییە دەچێت و پێوەی بەستراوە، بەڵام لەگەڵیدا نایەتەوە یەک. دەکرێ دەوڵەتێکی ئابووری تازە پێگەیشتوو، گەشەسەندوو، سیستەمێکی سیاسی زۆر پێشکەوتووی هەبێ، لە بەرامبەر ئەوەشدا دەوڵەت دەتوانێ بگاتە ئاستێکی بەرز لە خۆشگوزەرانی و ئابووری کە سیاسیانە بەدەست تێکچوون و ناسەقامگیرییەوە بناڵێنێ، بەڵام پێگەی سەرەکی بۆ دواکەوتنی سیاسی و هەروەها دواکەوتنی ئابووری لە سەدەی بیستدا بەرەو ئەوە دەڕوات لە دەوڵەتە هاوچەرخبووەکانی ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتینیدا بێت.

لەگەڵ هەندێ ڕێزپەردا بوونی کەشایەنی باس بن گۆڕانی سیاسی لەو دەوڵەتانەدا دوای جەنگی دووەم بە توندی ململانێی نەژادی و چینایەتییەکان دەناسرێتەوە، بەئاژاوەو توندوتیژی بەردەوام و لە ریزەکانی جەماوەر، بەکودەتای سەربازی یەک لە دوای یەک و بەباڵادەستی سەرکردە خۆیبە (متغلبین) ناجێگیرەکان کە زۆرجار هەستاون بەپەیڕەوکردنی سیاسەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی ماڵوێرانکەر و گەندەڵی ئاشکراو بەربڵاو لە نێوان ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران و کارمەندە مەدەنیەکاندا و دەست درێژی کوێرانە بۆ سەر مافەکانی هاوڵاتیان و ئازادیان و، بەئاستی نزم بۆ چالاکی نواندن و بەئەنجام گەیاندنی «الاداء» بیرۆکراسی، هەوڵدان بۆ دوورخستنەوەی گرووپە سیاسییە شارییەکان، و لە دەستدانی یاسادانەرو دادگای دەسەڵات و تێکدانی پارتە سیاسییە خاوەن بنەما فراوانەکان و زۆرجار هەڵوەشانەوەیان بەتەواوی. لە ماوەی دوو، دوای جەنگی جیهانی دووەم کودەتا لە کۆی بیست دەوڵەت لە حەفت دەیەدا سەرکەوتنی بەدەست هێنا لە ئەمریکای لاتینیدا (تەنها مەکسیک و چیلی و ئۆرۆگوای پارێزگاری لە کردەی دەستووری کرد) و، لە شەش دەوڵەتدا لە باکوری ئەفریقاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا (جەزائیرو نایجیریاو داهومی و ڤۆڵتای گەورەو کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست و کۆنگۆ) و، لە

کۆمەڵێک لە کۆمەڵگە ئاسیاییەکاندا (پاکستان و تایلەندو لاوس و ڤێتنامی باشور و بۆرماو ئەندەنووسیاو کۆریای باشوردا) بڵاوبوونەوەی توندوتیژی شۆڕشگێڕانە و یاخی بوونی چەکداری و شەڕی پارتیزانی بووتە هۆی ماڵوێرانی لە کوباو بۆلیڤایاو پیرۆ و فەنزویێلاو کۆلۆمبیاو گواتیمالاو کۆماری دۆمنیکان لە ئەمریکای لاتینیدا، و لە جەزائیرو یەمەن لە ڕۆژهەڵای ناوەڕاست و لە ئەندەنووسیاو تایلەند و ڤێتنام و چین و فلیپین و مالایا و لاوس لە ئاسیادا.

توندوتیژی یان گیروگرفتی نەژادی و عەشیرەتگەرایی و ئەتنی پەشێوی خولقاند لە گوایاناو مەغریب و عێراق و نەیجیریاو ئۆگەندا و کۆنگۆ و بورونديی و سودان و رواندا و قبرس و هیند و بۆرما و لاوس و ڤێتنامی باشور. لە ئەمریکای لاتینیدا، دیکتاتۆری ئۆلیگارشی (کەمینە) لەسەر شێوازی کۆن لە دەوڵەتانی وەک هاتیی و پاراگوای و نیکاراگوا، پارێزگاری لە سیستەمی فەرمانڕەوایی پۆلسیی فشەڵ کرد.

لە نیوەی گۆی ڕۆژهەڵاتدا، سیستەمە تەقلیدییەکان لە ئێران و لیبیاو حەبەشەو سعودیە و تایلەند، لە هەوڵدابوون لە پێناوی چاکسازی کردنی خۆیاندا، هەتا ئەگەر لە لێواری لەناوچوونیشدا لەنگەربگرێ.

لە ماوەی پەنجاکان و شەستەکاندا توندوتیژی سیاسی زیادی کرد بەشێوەیەکی دراماتیکی لە زۆربەی دەوڵەتانی جیهاندا. ساڵی ١٩٥٨ بەپێی یەکێ لە پرۆسەکانی سەرژمێریدا بیست و هەشت حاڵەتی یاخیبوونی درێژخایەنی بەخۆیەوە بینی لە شێوەی شەڕی پارتیزانی (حرب عصابات)و چوار ڕاپەڕینی سەربازی و دوو جەنگی تەقلیدیدا، دوای حەوت ساڵ ساڵی ١٩٦٥، چل و دوو حاڵەتی یاخیبوونی درێژخایەنی تۆمارکرد و شۆڕشی چەکداری ڕوویدا و پێنج جەنگی تەقلیدی هاتەکایەوە. وەک چۆن ناسەقامگیری سیاسی بەشێوەیەکی ڕوون زیادی کرد.

توندوتیژی و هاوشێوەکانی لەڕووداودا کە سەقامگیری دەخاتە لەرزە چەند جارە بووە. پێنج جار لە نێوان ساڵەکانی ,١٩٥٥، ساڵی ١٩٦٢، وەکو چۆن لە نێوان ساڵەکانی

١٩٤٨ تا ١٩٥٤دا هەبوو. وای لێهات شەست و چوار دەوڵەت لە ئەسڵی هەشتاو چوار دەوڵەتدا کەمتر سەقامگیریان هەبێ لەچاو ئەوەی کە لە قۆناغەکانی تردا هەیبوو.(٣)

لە ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتینیدا، تەسک بوونەوەی لەسەرخۆی رەوایی حکومەت و ئیشوکارەکانی بەدەرکەوت. لێرەدا کەموکورتییەک لە ئەخلاقی مەدەنی و هەستکردنی هاوبەش و دامەزراوە سیاسیە بەتواناکاندا هەیە بۆ پەرەپێدانی مانایەکە بۆ سودی گشتی و ئاراستەکردنی، وەلێ دارزانی سیاسی بالادەست بوو نەک گەشەسەندنی سیاسی.

**خشتەی ١-١ ناکۆکیە چەکدارییەکانی ١٩٥٨-١٩٦٦**

| | ١٩٥٨ | ١٩٥٩ | ١٩٦٠ | ١٩٦١ | ١٩٦٢ | ١٩٦٣ | ١٩٦٤ | ١٩٦٥ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەڵگەڕانەوەی درێژخایەن، نارێکخراو، یان شەڕی چەتەگەرایی | ٢٨ | ٣١ | ٣٠ | ٣١ | ٣٤ | ٤١ | ٤٣ | ٤٢ |
| شۆڕشی تەمەن کورت، کودەتا، راپەڕین | ٤ | ٤ | ١١ | ٦ | ٩ | ١٥ | ٩ | ١٠ |
| شەڕی تەقلیدی | ٢ | ١ | ١ | ٦ | ٤ | ٣ | ٤ | ٥ |
| کۆی گشتی | ٣٤ | ٣٦ | ٤٢ | ٤٣ | ٤٧ | ٥٩ | ٥٦ | ٥٧ |

سەرچاوە: وەزارەتی بەرگری، وولاتە یەکگرتووەکان.

چی بووە هۆی ئەم توندوتیژی و ناسەقامگیریە؟ ئەوەی ئەم کتێبە دەیخاتەڕوو یەکەم، ئەوەیە کە ئەمە تارادەیەکی زۆر دەرەنجامی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییە خێراو جوڵە خێرایەی گروپە نوێیەکانە لە بواری سیاسەتدا، سەرەڕای پێشکەوتنی لەسەرخۆی دامەزراوە سیاسیەکان. تۆکڤێل ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت: «لە نێوان ئەو یاسایانەی کە کۆمەڵگا مرۆییەکان بەڕێوە دەبەن یاسایەک هەیە وا دێتە پێش چاو «دەردەکەوێ» لە یاساکانی تر روونترو بەدیقەتترە. کەواتە ئەگەر خەڵک بەشاری بمێننەوە یان وایان لێ

بێت، پێویستە پرەنسیپی پێکەوە گرێدان، بەستن لە نێوانیاندا گەشە بکات، بەهەمان ڕێژە پێش بکەوێ بۆ زیادکرنی یەکسانی لە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکاندا»[٤]

لە دەستدانی سەقامگیری لە ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتینیدا. بەتەواوی لە شکست هێنانی (بەدەست هێنانی) پرۆسەی دەستەبەرکردنی ئەم مەرجەوە سەریهەڵدا. یەکسانی لە بەشداریکردنی سیاسیدا بەخێراییەکی زۆر گەورەتر گەشە دەکات لەچاو پرەنسیپی پەیوەندی، نێوان خەڵک گۆڕانی ئابووری کۆمەڵایەتی – بەشاریبوون، بەزیادبوونی خوێندنەوەو نووسین و گەشەکردن لە بواری فێرکرندا، بەپیشەسازی کردن و بڵاوبوونەوەی هۆکارەکانی راگەیاندن هۆشیاری سیاسی و داواکاری سیاسی و بەشداری سیاسی زیاد دەکات. ئەم گۆڕانکاریانە بنەما تەقلیدییەکانی دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراوە سیاسییە تەقلیدییەکانی هەڵوەشاندەوە، تاڕادەیەکی زۆر کێشەی دۆزینەوەی بنەمای نوێی ئاڵۆزکرد. پێکەوە بەستنی (ترابط) سیاسی، دامەزراوەی سیاسی نوێ لە نێوان رەوایەتی و چالاکی نواندندا کۆدەکاتەوە؛ لەکاتێکدا ڕێژەی ڕێکخستنی سیاسی و دامەزراوەکان دادەبەزێ. کەواتە دەرەنجامەکە ناسەقامگیریی سیاسی و ئاژاوە دەبێت. کێشەی سەرەکی سیاسەت دەبێتە هێواشکردنەوەی گەشەکردنی دامەزراوە سیاسیەکان بەجۆرێ جیاوازبێ لە گۆڕانە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکان دوو دەیەی دوای جەنگی جیهانی دووەم، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا نەیدەتوانی لەم کێشەیە تێبگات. هاوتانەبوونی ئابووری پێچەوانەی هاوتانەبوونی سیاسییە، ئەمەش مەیدانی بایەخ پێدانی چالاک و شیکردنەوە و، کارکردنە. بەرنامەی یارمەتی دان و قەرز و بانکی نێودەوڵەتی و بانکی هەرێمایەتی و، نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی هاوکاری ئابووری (OECD)، یەکێتییە بازرگانی و سەرمایەداریەکان و، بەرنامە داڕێژەکان و پیاوانی سیاسی، هەموویان بەشداریان کردووە لە کۆشش کردنێکی بەهێزدا بۆ هەستان بەشتێ لە بەرامبەر کێشەی گەشەسەندنی ئابووریدا، بەڵام کێن ئەوانەی جێبایەخی (معنی) کێشەی ناهاوتایی ئابوورین؟

بەرپرسانی ئەمریکا دانیان پێدانا کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرژەوەندییەکی بنچینەیی (مبدئی) هەیە لە دۆزینەوەی سیستەمێکی سیاسی فەرمانڕەواییکردندا بۆ جێبەجێکردن بشێ لە دەوڵەتە هاوچەرخبووەکاندا، بەڵام قەدەر چالاکی حکومەتی ئەمریکی بەڕێوە دەبات، ئەگەر ئەمە هەر(بەدیش بێت) دەست بخرێت، کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ پەیوەندی بەو دەوڵەتانەوە هەیە بە بەهێزکردنی سەقامگیری سیاسی و کەمکردنەوەی بڕی ناهاوتایی سیاسی. چۆن دەتوانرێ ئەم کەلتوورە گاڵتە ئامێزە راڤەکرێت؟

وا دەردەکەوێ کە لە دوو رووی دیارەوە ریشەدارە لە ئەزموونی مێژوویی ئەمریکیدا. مێژووی «پرشنگداری وڵاتە یەکگرتووەکان. تێگەیشتنی بۆ بارودۆخی دەوڵەتە هاوچەرخبووەکان ئیفلیج دەکات لەکاتی گەشەکردنیاندا. وڵاتە یەکگرتووەکان زیاد لە پێویستی خۆی سووربوو لەسەر (فرەیی) بەدەست هاتنی ئابوری (الوفرة الاقتصادية) و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری سیاسی. ئەم حاڵەتە خۆشەی کۆبوونەوەی خێروبێرەکان وای لە ئەمریکییەکان کرد هەست بەیەکێتیان بکەن: بەگریمانەکردنی ئەوەی هەموو کاروبارە چاکەکان لەگەڵ یەکتردا دەگونجێن و چەسپاندنی ئامانجی کۆمەڵایەتی و بەیانکراو «مانیڤێستکراو» بەشداری چەسپاندنی ئامانجەکانی تر دەکات.

ئەم ئەزموونە لە روانگەی سیاسەتی ئەمریکیدا رەنگی دایەوە بەرامبەر بەدەوڵەتە هاوچەرخبووەکان لە بڕوایەکەوە کەوا سەقامگیریی سیاسی دەرەنجامێکی حەتمی و سروشتییە یەکەمجار بۆ جێبەجێبوونی گەشەکردنی ئابووری، پاشان بۆ چەسپاندنی چاکسازی کۆمەڵایەتی، گریمانەی باو لە روانگەی سیاسەتی ئەمریکییەکەوە لە ماوەی پەنجاکاندا ئەوەبوو کە گەشەکردنی ئابووری زاڵبوون بەسەر هەژاری و نەخۆشی و نەخوێندەواریدا پێویستە لە پێناوی پێشکەوتنی سیاسی و سەقامگیری سیاسیدا بێ. وادەردەکەوێ کە ئەڵقە پێکەوە بەستراوەکان لەبیرکردنەوەی ئەمریکیدا بەم شێوەیە بێ: یارمەتیدانی ئابووری دەبێتە هۆی گەشەسەندنی ئابوری، گەشەسەندنی ئابووریش

سەقامگیری سیاسی بەهێز دەکات. ئەم پرەنسیپە بنچینەی داکوتاو لە یاسادانانددا بوو بە باو، لەوانەیە ئەمە گرنگی زیاتری هەبێ، لە بیرکردنەوەی بەرپرسانی وەکالەتی یارمەتیدان و وەکالەتە تایبەتەکانی تر بە بەرنامەی یارمەتیدانی دەرەکی. ئەگەر گەندەڵی و نەبوونی سەقامگیری سیاسی زیاتر بەربڵاوبن لە ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریکای لاتینی لە ساڵی ١٩٦٥دا، بەربڵاوتربوونی لەوەی پێش پانزە ساڵ هەبووە، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی ئەمریکا کە ڕەنگدانەوەی ئەم پرەنسیپە هەڵەیە بووە. گەشەسەندنی ئابووری و سەقامگیری سیاسی لە راستیدا دوو ئامانجی سەربەخۆن و بەرەوپێشچوون «پێشکەوتن» لە یەکێکیاندا وەک پێویست پەیوەندی بە بەرەوپێش چوونەوە نییە لەوی تردا. لە هەندێ قۆناغی سەقامگیری سیاسیدا، بەرنامەی گەشەسەندنی ئابووری بەهێزبوو، ئەم سەقامگیرییە بەجدی لە قۆناغەکانی تردا لاوازبوو. هەروەها بەم جۆرە، هەندێ شێوەی سەقامگیری هانی گەشەی ئابووریداو شێوەکانی تر پەکییان خست. (هیند) یەکێ لەو دەوڵەتە زۆر هەژارانە بوو لە پەنجاکان بوو گەشەی ئابووری تیایدا لە جێی خۆیدا نەبوو (متواضع). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گەیشتبووە ئاستێکی بەرزی سەقامگیری سیاسی بەهۆی پارتی کۆنگرێسەوە. لەوانەیە ئاستی داهاتی تاکەکەسی لە ئەرژەنتین و فەنزوێلا دەجار زیاتربێ لەوەی لە هیند هەیە، فەنزوێلا ڕێژەیەکی ریزپەڕی گەشەسەندنی ئابووری هەیە، بەڵام سەقامگیری ئەم دوو وڵاتەوە ئامانجێکی رێ پێنەدراوە. لە بەرنامەی «یەکگرتن لە پێناوی پێشکەوتن»دا ساڵی ١٩٦١، چاکسازی کۆمەڵایەتی - واتە دابەشکردنی زۆر دادوەریانە بۆ سەرچاوە مادی و سیمبولیەکان لکێنرا بە گەشەسەندنە ئابوورییەکانەوە، بەو پێیەی کە ئامانجێکی دیارو روونە بۆ روانگەی سیاسەتی ئەمریکی رووەو دەوڵەتە هاوچەرخبووەکان. ئەم گۆڕانکارییەش، تاڕادەیەک، پەرچەکردارێک بوو بۆ شۆڕشی کوبا. گریمانەی دانەرانی ئەم سیاسەتە لەوەدا رەنگی دایەوە کە چاکسازییەکان لە زەوی و باج و پرۆژەکانی نیشتەجێکردن و، بەرنامەی بوژاندنەوەی کۆمەڵایەتی وادەکات گوشارە کۆمەڵایەتییەکان کەم کاتەوەو کاریگەری فیدڵی (ئاماژەیە بۆ فیدڵ کاسترۆ) لە

کار دەخات. هەروەها ئەم جارەشیان سەقامگیری سیاسی دەبێتە دەرەنجامێکی لاوەکی بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی تری کۆمەڵایەتی بانگەشە بۆکراو. لەراستیدا پەیوەندی نێوان چاکسازی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری سیاسی بەتەواوی لەو پەیوەندییە دەچێت کە لە گەشەسەندنی «پێشوەچوونی» ئابووری و سەقامگیری سیاسیدا هەیە. لەوانەیە لە هەندێ بارودۆخدا چاکسازییەکان سەرکەوتووبێ لە کەمکردنەوەی توندی پاڵەپەستۆکان و پتر هاندەرێک بێ بۆ پەنابردن بەر گۆڕانکارییەکی ئاشتییانە نەک بەر توندوتیژی.

بەڵام چاکسازی لە هەندێ بارودۆخی تردا لەوانەیە ئەو پاڵەپەستۆیانە کەڵەکە بکات و پەلە بەژێیەکانی توندوتیژی بکات ئەمەش وادەکات کە هاندەربێ بۆ شۆڕشێکی ئەلتەرناتیڤ بێ.

هۆی دووەم بۆ بایەخ نەدانی ئەمریکی بەگەشەسەندنی سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ هەژاری ئەزموونی مێژوویی ئەمریکی بۆ پێویست بوونی بە دۆزینەوەی سیستەمی سیاسی. تۆکڤێل دەڵێت: ئەمریکییەکان بەیەکسانی لە دایک بوون لەبەرئەوە پرسی یەکسانی دوودڵی نەکردوون؛ بەری میوەی شۆڕشی دیموکراسیان رنیووە بەبێ ئەوەی تووشی نارەحەتی بێن لە هەڵگیرساندنی ئەم شۆڕشەدا. هەروەها ئەمریکا بەفەرمانڕەوایی و دامەزراوی سیاسی و بەبەشداری وەرگیراو لە ئینگلترای سەدەی حەڤدە دروستبوو. هەروەها ئەمریکیەکان گرنگیان بەدەستەبەرکردنی فەرمانڕەوایی نەدەدا.

ئەم کەلێنە لە ئەزموونی مێژوودا وای لێکردن بەشێوەیەکی ریزپەڕ چاوپۆشن لە تێگەیشتنی کێشەی وەدەست خستنی دەسەڵاتێکی کاریگەر لە دەوڵەتە هاوچەرخبووەکاندا، کاتێک ئەمریکیەک بیر لە کێشەی فەرمانڕەوایی دەکاتەوە، بیر لە پێویستی بوونی دەسەڵات و کەڵەکەبوونی هێز ناکاتەوە، بەڵکو بیر لە سنوردانان بۆ دەسەڵات و دابەشکردنی هێز دەکاتەوە. ئەگەر داوای لێ بکەی پلانێ بۆ فەرمانڕەوایی دابنێ. بەدەستورێکی نووسراو و، بەیانکردنی مافەکان و، چاوخشانەوە بەفیدراڵی و هاوسەنگیدا، و بەهەڵبژاردنی پارت و رێکخراوی ململانێکەرەوەدا دێت کە ئەمانە

هەموویان هۆکاری نایابن بۆ سنوور دەرکردنی فەرمانڕەوایی. ئەمریکی لوکی (lockean) لە بنچینەوە دژی فەرمانڕەوای بەڕادەیەک فەرمانڕەوایی بەو کۆتانە دەناسێ کە هەیەتی. کاتێ ڕووبەڕووی بەپێویست دانانی پلانێ دەبێتەوە بۆ سیستەمی سیاسی کە هێزو دەسەڵاتی تا دوا ڕادە زیاد دەکات، وەڵامی ئامادەی لانییە. چوارچێوەی گشتی لەلای ئەوەیە کە فەرمانڕەوایی پشت بەهەڵبژاردنی ئازادو خاوێن ببەستێ. ئەم شێوازە لەگەڵ زۆربەی کۆمەڵگە هاوچەرخ بووەکاندا ناگونجێ. بۆ ئەوەی هەڵبژاردن مانایەکی هەبێ پێویستە ئاستێکی دیاریکراو لە ڕێکخستنی سیاسی تیا دەستەبەرکرابێ. کێشە لە پیادەکردنی هەڵبژاردن نییە بەڵکو لە دەستەبەرکردنی دەستە (هیئە) ڕێکخەرەکاندایە. لە زۆربەی دەوڵەتە هاوچەرخبووەکاندا، ئەگەر هەمووشیان نەبێ، هەڵبژاردن تەنها بەشداری بەهێزکردنی هێزە هەڵوەشاوەکان دەکات کە زۆربەی جار کۆنخوازن، ڕووخانی بونیادی دەسەڵاتی گەل. مادیسۆن لە ژمارە (٥١)ی «فیدرالیست»دا ئاگاداری دا ووتی: بۆ دیاریکردنی چوارچێوە بۆ فەرمانڕەوایی کەسانێک بەدەستی بهێنن. لەسەرووی کەسانێکی ترەوە، کێشە گەورەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری دەکرێ: یەکەم پێویستە فەرمانڕەوایی بتوانێ کۆنترۆڵی فەرمان بەسەرکراوەکاندا بکات، دووەم پێویستە وا لە فەرمانڕەوایی بکات کۆنترۆڵی خۆی بکات، هەتا ئێستا سیستەمی سیاسی لە زۆربەی دەوڵەتە هاوچەرخبووەکاندا ناتوانێ کاری یەکەم جێبەجێ بکات، لەوە زیاتر بێ تواناترە بەنسبەت دووەمیانەوە کێشەی سەرەکی لە ئازادی دا نییە، بەڵکو لە بەدەست خستنی سیستەمێکی گشتی ڕەوادایە.

بەدڵنیاییەوە لەوانەیە خەڵک بەبێ ئازادی سیستەمێ بەدەست بهێنن، بەڵام ناتوانن بەبێ سیستەمێک ئازادی بەدەست بهێنین، پێویستە دەسەڵات هەبێ بەر لە دیاریکردنی سنورەکانی. دەسەڵات ئەوەیە کە بەدەگمەن لەو دەوڵەتە هاوچەرخبووانەدا هەیە، کاتێ فەرمانڕەوایی دەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی بیریارە دزەکان و کۆلۆنیالە نکۆڵی کەرەکان و قوتابیە ئاژاوەچییەکان.

ئەم دەگمەنییە بەتەواوی، ئەوەیە کە زۆربەی جار شیوعیەکان و جوولانەوە لایەنگیرییەکانیان بەرهەمی دەهێنن بۆ زاڵبوون بەسەریدا. لە مێژوودا چەسپاوە کە حکومەتە سۆشیالیستیەکان لە حکومەتە ئازادەکان چاکتر نین بۆ ڕێگرتن لە تەشەنەکردنی برسێتی و، باشکردنی ئاستی تەندروستی و، دابەشکردنی بەرهەمی نەتەوەیی و بەهێزکردنی پیشەسازی و، بەرزکردنەوەی ئاستی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەوەی کە حکومەتە سۆشیالیستەکان ئەتوانن پێی هەستن ئەوەیە کە فەرمانڕەوایی دەکەن؛ توانای سەپاندنی دەسەڵاتی کاریگەری هەیە، ئایدۆلۆژیاکەیان بنەمایەکی ڕەوای بۆ دروست دەکات، ڕێکخستنە پارتاییەکانی میکانیزمی دامەزراوەیی دەستەبەر دەکات بۆ بەگەڕخستنی پاڵپشتی و جێبەجێکردنی پلانی سیاسی. کرداری ڕووخاندنی سیستەمی سیاسی لە زۆربەی دەوڵەتە هاوچەرخبووەکاندا شتێکی ئاسانە. لەوانەیە تیپێ سەربازو دوو تانک و پێری کۆلۆنیالی بەس بێت. بەڵام هیچ سیستەمێکی فەرمانڕەوایی کۆمۆنیستەکان نییە لە دەوڵەتە تازە هاوچەرخبووەکاندا لە ڕێگەی کودەتای سەربازییەوە لەناوبرابێ. ئەو بەرهەڵستییە (کردەییە) ڕاستەقینەییەی کۆمۆنیستەکان لە دەوڵەتە هاوچەرخبووەکاندا ڕووبەڕووی دەبنەوە (لەوەدا نییە) لەوەوە نییە کە ئەوان لە لەناوبردنی سیستەمی سیاسیدا بەتوانای (ئەمە کارێکی ئاسانە). بەڵکو لەوەوەیە کە لە دروستکردنی سیستەمی سیاسیدا بەتوانان (ئەمە کارێکی زۆر گرانە) لەوانەیە ئازادی نەدەن، بەڵکو هێز (نفوز) دەدەن؛ ئەوان سیستەمێک دروست دەکەن بتوانێ فەرمانڕەوایی بکات، کاتێ ئەمریکییەکان بەکۆششەوە کار بۆ تەسککردنەوەی کەلێنی جیاوازی ئابووری دەکەن، کۆمۆنیستەکان هۆکارێکی بەهێزو جێگیر بۆ بەرپەرچ دانەوەی جیاوازی سیاسی پێشکەش دەکەن: لە چەقی ململانێی کۆمەڵایەتی و توندوتیژی کە هەردووکیان دەبنە بەڵا بۆ دەوڵەتە هاوچەرخبووەکان، کۆمۆنیستەکان هەندێ گرنتی ئەدەن بۆ سیستەمی سیاسی.

## پەراوێزەکان

سیستەمی سیاسی و دارزانی سیاسی.

١- والتەر لیبمان - نیۆریۆرک میرالد تریبیون - ١٠ کانونی یەکەم (دیسەمبەر)١٩٦٣، ل٢٤.

٢- گوتار فیردال، ولاتە هەژارو دەولەمەندەکان، (نیویۆرک وایغانستۆن، هاربرورو، (١٩٥٧)ل٦، جورج. د. وودز «پێشکەوتنی گرێبەست لە تەرازوودا «کاروباری دەرەوە ٤٤ (کانوونی دووەم/ ینایەر ١٩٦٦)، ل٢٠٧.

٣- والاس و. کونرو (شیکردنەوەی نەتەوەیی گشتگر بۆ کاریگەری هاوچەرخبوون لەسەر سەقامگیری سیاسی (تێزی ماجتێری بلاونەکراوە، کۆلیژی سان دیباگۆ، ١٩٦٥)، ل٥٢-٥٤، ٦٠-٦٢، ئایفوک. وروزالیندل. فایرایند «هەلسوکەوتی دوژمنکارانە لەناو سیستەمی فەرمانرەواییدا، ١٩٤٨-١٩٦٢: توێژینەوەیەکی نەتەوەیی گشتگر، گۆڤاری چارسەری ململانێ، ئیلول/- سێبتەمبەر، ١٩٦٦). ل٢٥٣-٢٥٤ .

٤- ئەلێکس دو تۆکڤیل، «دیموکراسی لە ئەمریکادا، (بلاوکراوەکانی فیلیبز برادلی، نیۆرک کنوف، ١٩٥٥)، ل٢-١١٨ .

## دووەم: دامەزراوەی سیاسی کۆمەڵگەو سیستەمی سیاسی

### أ- هێزە کۆمەڵایەتییەکان و دامەزراوەی سیاسی:

ئاستی کۆبوونەوەی سیاسی کە کۆمەڵگە پێی دەگات، ئەو پەیوەندییەی نێوان دامەزراوە سیاسیەکان و هێزە کۆمەڵایەتییەکان پیشان دەداتەوە کە پێکی دەهێنێ. هێزی کۆمەڵایەتی گروپێکی ئیتنی یان ناوچەیی یان ئابووری یان هاوشێوەکانیەتی. هاوچەرخ بوون بەرادەیەکی زۆر زیادبوونی هێزە کۆمەڵایەتیەکان و بەکارهێنانیان لەکۆمەڵگەدا دەگرێتەوە. گرووپەکانی خزمایەتی و ئیتن و ئاین گروپەکانی پیشەیی و چین و لێوەشاوەکانیشیان دێتە پاڵ. بەڵام رژێم یان پەیڕەوی سیاسی ئامادەکاری و لە پێناوی پارێزگاری کردن لە سیستەم و چارەسەرکردنی جیاوازییەکان، دیاریکردنی سەرکردە باوەڕ پێکراوەکان. هەروەها ئاستی رێکەوتن لەنێو دووهێز یان زیاتر لە هێزە کۆمەڵایەتییەکان، لەوانەیە بۆ کۆبوونەوەیەکی سیاسی سادە تەنها بنەمایەکی ئایینی یان ئیتنی یان پیشەیی بێت، پێویستی بە دامەزراوەی سیاسی زۆر گەشەسەندوو نییە. یەکەی میکانیزمی هاریکاری دۆرکهایمی هەیە، بەڵام هەرچەندێ کۆمەڵگا ئاڵۆزتربێ و رەگەزەکانی لێک جیاوازبێ، بەدەست هێنانی کۆبوونەوەی سیاسی و پارێزگاری لێکردن بەستراوە بەکاری دامەزراوە سیاسییەکانەوە.

لەڕووی کردارییەوە، جیاوازی نێوان هێزی کۆمەڵایەتی و دامەزراوەی سیاسی بەروونی دیار نییە، دەکرێ کۆمەڵێ گرووپ هەمان سیفەتی دیاریان هەبێ. بەڵام جیاوازی تیۆری نێوانیان ئاشکرایە. پێویستە هەموو سەرقاڵانی بواری چالاکی سیاسی، ئەندامی گروپی هەمەجۆربن لە دەستە کۆمەڵایەتییەکاندا. ئاستی گەشەسەندنی لەهەر کۆمەڵگایەکدا، تارادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بە «ئاستی» بڕی ئینتیمای ئەو سیاسیە چالاکانەوە لەگروپە هەمەجۆرەکاندا بۆ دامەزراوە سیاسیەکان و بڕی گونجانیان لەگەڵیدا. ململانێ سنوردارەکان لە کۆمەڵگادا هەموویان دەگەڕێتەوە بۆ هێزە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان و،

ململانێکان لەرێگەی بونیای هێزە کۆمەڵایەتییەکانەوە چارەسەر دەکرێت. پێویست بەبوونی دامەزراوەی سیاسی دیار ناکات لە کۆمەڵگایەکدا کە تەنها لە هێزگەلێکی کۆمەڵایەتی کەم پێکهاتبێ، دەکرێ یەک گروپ - جەنگاوەران، پیاوانی ئایینی، خێزانێکی دیاریکراو، گروپێکی ئیتنی دیاریکراو یان بنەماڵەیەک - دەسەڵاتیان بەسەر ئەوانی تردا هەبێت و بتوانن باوەڕیان پێ بهێنن کە فەرمانڕەواییەکەی قبوڵ بکەن. لەوانەیە کۆمەڵگە لە ژمارەیەکی کە کۆبوونەوە بێتەکایەوە، یان بەبێ ئەویش، بەڵام لە کۆمەڵگایەکی رەگەز جیاوازو ئاڵۆزدا، هێزێکی کۆمەڵایەتی بەتەنها ناتوانێ کۆنترۆڵی بکات، و شیکانەی کۆبوونەوەی سیاسی کەمتر دەبێ ئەگەر دامەزراوەی سیاسی سەربەخۆ لە هێزە کۆمەڵایەتییەکانی تیادا نەبێ کە پێکی هێناون رۆسۆ لە دەربڕینێکی کورتدا کە زۆرجار ئاماژەی پێ دەکرێت دەڵێت: «بەهێز ئەوە نییە کە بەردەوام پێویستی بەهێز بێ بۆ ئەوەی هەمیشە سەرداربێت، بەڵکو ئەوەیە هێزەکەی بگۆڕێ بۆ حەق و گوڕایەڵی بگۆڕێ بۆ ئەرک» ئەو کۆمەڵگەیەی کە بەجۆرێ لە ئاڵۆزی وەسف دەکرێ، هێزی رێژەیی گروپەکان دەگۆڕێت، بەڵام ئەگەر ئەو کۆمەڵگەیە یەکگرتووبێت. پێویستە هەموو گروپەکان دەسەڵاتیان لەرێگەی دامەزراوە سیاسییەکانەوە پراکتیزە بکەن کە ئەو دەسەڵاتە راست و رێک دەکاتەوەو دووبارە ئاراستەی دەکاتەوە بۆ ئەوەی هەژموونی یەک هێزی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کۆبوونەوەی زۆرینەدا بگونجێنێ.

لە سایەی نەبوونی تەواوی ململانێی کۆمەڵایەتیدا، دامەزراوەی سیاسی دەبێتە شتێکی ناپێویستی: لە سایەی نەبوونی گونجانی کۆمەڵایەتی تەواو، بنەماکەی دەبێتە مەحاڵ. هەتا ئەو روانینە بەرامبەر کێیە نەگۆڕێ کە دوو گروپ نەتوانن لە یەکتری بڕوانن تەنیا وەک دوژمنی یەکتری نەبێ. ئەبێ هەندێ بەرژەوەندی لە نێوان ئەو گروپانەدا هەبێ کە کۆمەڵگە پێک دەهێنن سەرەڕای ئەوەش، کۆمەڵگەی ئاڵۆز پێویستی بە دیاریکردن هەیە بەو پێیەی کە گروپەکان پێکەوە دەبەستێ پرەنسیپێکی گشتی یان پەیوەست بوونێکی (ئیلتیزامێکی) ئەخلاقییە، هەر ئەوەشە کە کۆمەڵەیەک لە کۆمەڵەکانی تر

جیادەکاتەوە. لە کۆمەڵگەی سادەدا دەکرێ کۆبوونەوە لە پەیوەندی راستەوخۆی نێوان کەسێک و یەکێکی تر هەبێ: پەیوەندی پیاو بەژنەوە و، برا بەبراکەیەوە و دراوسێ بەدراوسێ کەیەوە پەیوەست بوون و کۆبوونەوە راستەوخۆ سەریهەڵدا، بەبێ دەستێوەردانی هیچ هۆکارێکی دەرەکی. بەڵام لە کۆمەڵگەی ئاڵۆزتردا، یەکبوون وادەخوازێ کە پەیوەندی تاکەکان یان گروپەکان بەشتی جیا لە خودی خۆیانەوە بێت. پەیوەستبوون بەپرەنسیپێکی دیاریکراو، یا نەریتێ یان ئامانجێک، یان جۆرێ لە هەڵسوکەوت لە نێوان تاک و گروپەکاندا هاوبەش دەبێ. ئەم کۆمەڵە رەگەزانە (ئیلیمێنتانە) پێناسەی «شیشرۆن» بۆ یەکێتی بەرژەوەندی هاوبەش یان، «ژمارەیەکی زۆر خەڵک رێک دەخات لەسەر یاساو ماف و ئارەزووی بەشداریکردن لە ئاڵوگۆری بەرژەوەندییەکاندا» پێکدە هێنێت. کۆدەنگی Conensus Jurs و بەرژەوەندی هاوبەش (Ulitatis Communio) دوو هۆکارن بۆ یەکبوونی سیاسی. بەڵام هۆکاری سێیەمیش هەیە، چونکە پێویستە هەڵوێستەکان لە هەڵسوکەوتدا رەنگ بدەنەوە، یەکبوون پێویستی بەهیچ «کۆبوونەوەیەک»نییە، جگە لە کۆبوونەوەیەکی فەرمی و جێگیرو پتەوی، بەکورتی پێویستە کۆبوونەوەکە دامەزراوەیی بێت: کرداری بەدەست خستنی دامەزراوەی سیاسی کە پێویستەو رەنگدانەوەی کۆدەنگی ئەخلاقی و بەرژەوەندی هاوبەشە، بەوپێیە، پێناوی پاراستنی یەکبوون لە کۆمەڵگەی ئاڵۆزدا. رەگەزی سێیەم نموونەی ئەم دامەزراوانە مانایەکی نوێ دەدەنە ئامانجە هاوبەشەکەو پەیوەندی نوێ لە نێوان بەرژەوەندی تایبەتی هاووڵاتیان و گروپەکاندا دەخوڵقێنێ.

کەواتە پلەی یەکبوون لە کۆمەڵگەی ئاڵۆزدا، بەمانا نسبیەکەی، پشت بە دامەزراوە سیاسیەکان و توانای فەرمانڕەواییان دەبەستێ. دامەزراوە دەربڕینێکی کرداری (سلوکییە بۆ کۆبوونەوەی ئەخلاق و بەرژەوەندی هاوبەش. لەوانەیە خێزانێکی دابڕاو، یان خێلێک، یان عەشیرەتێک، تیرەیەک، یان گوندێ بە هەوڵی هۆشیارانەی کەم کۆببێتەوە، بەواتای زیادبوونی؛ ئەندامی کۆمەڵگە ئاڵۆزی بونیادیدا و زیادبوونی هەمەڕەنگی لە

چالاکییەکانی ئەو یەکبوونانە سروشتیی. گەیشتن بەئاستێکی بالاّ لە کۆبوونەوەو پارێزگاری لێکردنی زیاتر پشت بەدامەزراوە سیاسییەکان دەبەستێ. بەڵام رێگە لە خۆبەدەستەوەدان دەگرن بە گونجانی سیاسی بەبێ چالاکی سیاسی. ئەمە خەونی رۆسۆ بوو. وەهەتا ئێستاش خەونی پیاوانی دەوڵەت و میلیتاریستەکان کە وادەڕوانن یەکبوون لە کۆمەڵگادا دەتوانن بەدەست بهێنن بەبێ چوونە ناو تەمومژی سیاسەتەوە. دوا ئامانجی مارکسییەکان، لە کۆتایی مێژوودا، هەوڵی ژیاندنەوەی یەکبوونی کامڵە ئەوکاتە کە سیاسەت پێویست نابێ. ئەم بیرۆکە گەڕاوەیە «مرتجعة» سەرکەوتوو نابێ مەگەر مێژوو پێچەوانە ببێتەوە، شارستانیەت هەڵوەشابێتەوە و ئاستی رێکخستنی کۆمەڵایەتی کورت بووبێتەوە لە خێزان و گونددا. دەکرێ یەکبوون لە کۆمەڵگا سادەکاندا هەبێ بەبێ سیاسەت یان لانی کەم بەبێ دامەزراوەی سیاسی گەیشتوو بە جیاوازی وەزیفی. و لە کۆمەڵگەی ئاڵۆزدا یەکبوون بەیارمەتی کاری سیاسییەوە پێکدێت و بەدامەزراوی سیاسی پارێزگاری لێدەکرێ.

لەڕووی مێژووییەوە. دامەزراوە سیاسییەکان لەکارلێک و جیاوازی نێوان هێزە کۆمەڵایەتییەکان و گەشەسەندنی (لەسەرخۆی) بەرەبەرەی و میکانیزمەکانی رێکخستنەوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکیە، دروست بووە، پرۆسەی رزگاربوون لە چینی دەسەڵاتداری بچووک و پێکەوە گونجاو، هەمەجۆری هێزە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکی زیادبوونی نێوان ئەم هێزانە، مەرجی پێشینەیە بۆ سەرهەڵدانی دامەزراوە سیاسیەکان. «وا دەردەکەوێ ئامادەکاری هۆشیارانە بۆ دەستور لە ناوچەی «جیهانی» دەریای سپی ناوەڕاستدا سەری هەڵدا کاتێ دامەزراوەی خێڵەکی لاوازبوو و ململانێی نێوان دەوڵەمەندو هەژارەکان بوو بە هۆکارێکی سەرەکی لە سیاسەتدا،[٥] (لەبەر بوونی ژمارەیەکی زۆر پارتی هەمەجۆر لە وولاتدا کە هەڕەشەی لەناوچوونیان لە سیستمی فەرمانڕەوای دەکرد خەڵکی داوایان لە سۆلۆن کرد دەستورێک دابنێ) و لەبەرئەوەی جیاوازی سەرمایە لە نێوان دەوڵەمەندو هەژاراندا لەو ماوەیەدا گەیشتبۆوە لوتکە[٦] پێویستی بەدامەزراوەی سیاسی گەشەسەندن

بوو بۆ پاراستنی یەکبوونی سیاسی لە ئەسینادا، کە کۆمەڵگە تیایدا زۆر ئاڵۆزبوو بوو. چاکسازییەکانی «سۆلۆن» و «کلایشینیز» وەلام دانەوەی ئەو گۆڕانە «کۆمەلایەتی - ئابوورییە بوو کە هەڕەشەی لەتێکدانی بنەما کۆنەکانی یەکبوون دەکرد. کاتێ هێزە کۆمەلایەتییەکان هەمەجۆرتر بن، پێویستە دامەزراوە سیاسیەکان زیاتر ئاڵۆزو دەسەلاتداربن. بەلام ئەم گەشەسەندنە بە تەواوی ئەوەیە کە لە زۆربەی کۆمەڵگە مۆدێرنەکانی سەدەی بیستەمدا شکستی هێنا. هێزە کۆمەلایەتییەکان بەهێزبوون و دامەزراوە سیاسییەکان لاوازبوون. یاسادانەران و ئەندامانی دەسەلاتی جێبەجێکردن، دەسەلاتە گشتییەکان، پارتە سیاسیەکان، لاوازو نارێک خرابوون، گەشەسەندنی دەوڵەت پێچەوانەی پێشکەوتنی کۆمەڵگە بوو.

**ب- هاوسەنگی دامەزراوە سیاسییەکان:**

کەواتە یەکبوونی سیاسی لە کۆمەڵگای ئاڵۆزدا پشت بەهێزی رێکخراوو رێوشوێنە سیاسیەکان دەبەستێ. ئەم هێزە بەرۆڵی خۆی بەندە لەسەر بەبری کۆمەککردن بۆ دامەزراوەو رێوشوێن و ئاستی دامەزراوبیان. بڕی کۆمەککردنەکە بە سادەیی ئاماژە بۆ ئەو چوارچێوەیە دەکات کە چالاکییە رێکخراوەیی و رێوشوێنە سیاسیەکانی کۆمەڵگا لەخۆ دەگرێت. کەواتە تەنها گروپێکی بچووک لە چینێکی بالا دەچێتە ناو رێکخراوە سیاسیەکان و بەپێی کۆمەڵێ رێوشوێن هەڵسوکەوت دەکات، کە ئەم بڕە دیاریکراوە. لەلایەکی ترەوە، ئەگەر بەشێکی زۆری دانیشتوان سیاسیانە رێکخراوبن و، رێوشوێنە سیاسیەکان بەجێ بهێنن، بڕەکە گەورە دەبێت. دامەزراوەکان شێوازێک لە هەڵسوکەوتی جێگیرو نەگۆڕو بەردەوامن.

رێکخراوو رێوشوێنەکان بەپێی پلەی دامەزراوییان جیاوازن. هەریەکە لە زانکۆی هارفاردو کە لەم نزیکانەدا کراونەتەوە لەڕووی رێکخراوییەوە، بەلام هارفارد پتر بەدامەزراوە دادەنرێ نەک قوتابخانە ناوەندییەکە. پرەنسیپی پێشەنگ (الاقدمیة)

هەریەکە لە کۆنگرێس و کۆنگرە رۆژنامەوانییانەی کە قسەکانی سەرۆک جۆنسۆنی بەووردی لێ وەرگیراوە، بەرێوشوێن دادەنرێ، بەلام پرەنسیپی لە پێشەنگ نەریتێکی بنەڕەتییە، زیاتر لەوەی شێوازی هەڵسوکەوتی سەرۆک جۆنسۆن بێت لەگەڵ راگەیاندندا.

رێکخراوەیی ئەو کردارەیە کە رێکخراوو رێ شوێنەکان حەتمیەت و جێگیری تیادا بەدەست نەهێنن. ئاستی دامەزراوەیی لەهەر سیستەمێکی سیاسیدا ئەتوانرێ بەگونجاندن و ئالۆزی و سەربەخۆیی و وابەستەیی رێکخراوەکانی و رێوشوێنەکانی پێناسە بکرێ دەکرێ پێوانەی لە دامەزراوەیی رێکخراوەو رێوشوێنە تایبەتەکان لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسیدا بکرێن.

**گونجان – چەقبەستوویی:** هەرچەندە ئاستی گونجاندن لەرێکخراوو رێوشوێندا بەرزبێ، ئەم رێکخراو یان رێوشوێنەکە لە ئاستێکی بەرزی دامەزراوەییدایە، لەگەڵ کەمی گونجان و زیادبوونی چەقبەستووییدا، ئاستی دامەزراوەیی دادەبەزێ. گونجان سیفەتێکی رێکخراوەیی وەرگیراوە. واتە کردەیەکی تێپەرێنەری ژینگەو تەمەنە. گونجان زیاد دەکات لەگەڵ زیادبوونی تەمەن و ئەو رووبەڕووبوونانەوەی کە لە ژینگەدا سەرهەڵدەدەن. چەقبەستوویی زیاتر لەوەی هی کۆنەکان بێ بەسیفەتی رێکخراوە تازەکان دادەنرێ پتر. بەلام رێکخراوەو رێوشوێنە کۆنەکان پێویستیان بەگونجان نییە ئەگەر لە ژینگەیەکی جێگیردابن. سەرباری ئەوەش، ئەگەر رێکخراوێک لە ماوەیەکدا کۆمەڵێ کاردانەوەی داهێنا بۆ ئەوەی چالاکانە مامەڵە لەگەڵ کێشەیەکی دیاریکراودا بکات، ئەگەر دوای ئەوە رووبەڕووی کێشەیەکی تربووەوە لە جۆرێکی تەواو جیاواز پێویستی بەکاردانەوەیەکی جیاوازبوو، رێکخراوەکە دەبێتە قوربانی ئەوەی کە لە رابردوودا بەسەرکەوتوویی بەدەستی هێناوە، ناتوانێ لەگەڵ رووبەڕووبوونەوەیەکی نوێدا خۆی بگونجێنێ. بەلام کۆسپی یەکەم بەشێوەیەکی گشتی کۆسپێکی گەورەترە. سەرکەوتن لە گونجاندا لەگەڵ رووبەڕووبوونەوەی ژینگەی یەکەمدا رێگە خۆش دەکات بۆ گونجان بەسەرکەوتوویی لەگەڵ رووبەڕووبوونەوەی ژینگەکانی دواتردا. بۆ نموونە ئەگەر گریمانەی گونجاندن بەسەرکەوتوویی لەگەڵ

ڕووبەڕووبوونەوەی یەکەمدا بەرێژەی ٥٠ ٪ لەسەدا پەنجابوو، ئەوا گریمانەی گونجانی سەرکەوتوو لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی دووەمدا لەوانەیە بگاتە ٧٥ لەسەدا، لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی سێیەمدا دەگاتە ٨٧,٥ لەسەدا لەگەڵ چوارەمدا دەگاتە ٩٣,٧٥ لەسەدا بەم شێوەیە بەدوای یەکدا.

سەرباری ئەوەش، گۆڕانکاری لەژینگەدا ڕوودەدات، وەک ئەو گۆڕانکارییەی کە بەسەر خاوەن خزمەتگوزارییەکاندا هات، کە حەتمیە لەگشت ڕێکخراوەکاندا. گۆڕانکاری تر هەیە لە ژینگەدا کە هەندێ جار لە دەرەنجامەکانی هەمان ڕێکخراوەن بۆ نموونە. ئەگەر ئەو ئامانجەی بەسەرکەوتوویی بەئەنجام گەیاند کە لە بنەڕەتدا بۆ ڕاپەڕاندنی دروست بووە. هەرچەندە دان پیانان هەیە کە ژینگەکان هەندێ جار لەو ڕووبەڕووبوونانەدا جیاوازن کە ئاراستەی ڕێکخراوەکانی دەکات، ناتوانرێ، پێوانەی گونجانی ڕێکخراوێکی دیاریکراو بکەین لەرێگەی تەمەنییەوە[٧] لە بەرامبەریدا دەتوانین تەمەنی بەسێ ڕێگە بپێوین:

**یەکەم:** بەسانایی کات (ببساطە الزمنیە): هەر کاتێ ماوەی مانەوەی ڕێکخراو یان ڕێوشوێنی درێژ بووەوە، ئاستی دامەزراوەیی بەرزتر دەبێ. هەرکاتێ ڕێکخراوەکە بەتەمەن تربوو، دەشێ لە ماوەیەکی کاتی دیاریکراودا بەردەوام بێ لە ئایندەدا. دەکرێ گریمانەی ئەوە بکەین مانەوەی ڕێکخراوێک کە تەمەنی سەد ساڵ بێت بۆ ساڵێکی تر، سەدجار زیاترە لە شێمانەی مانەوەی ڕێکخراوێک کە تەمەنی ساڵێک بێت بۆ ساڵێکی تر. کەواتە دامەزراوەی سیاسی لە ماوەی شەووڕۆژێکدا دروست نابێ. گەشەسەندنی سیاسی، بەم مانایە، لەسەرخۆیە، بەتایبەتی ئەگەر بەگەشەسەندنی ئابووری بەراوردی بکەین کە بەردەوام خێرا دیارە. لە هەندێ قۆناغدا هەندێ ئەزموونی دیاریکراو بەپێی کات دەبێت: لەوانەیە ناکۆکییەکی توندوتیژ یان جۆری تر لە ڕووبەڕووبوونەوەی جدی ڕێکخراوەکان بگۆڕێ بۆ دامەزراوە بەخێراییەکی زیاتر لەوەی کە لەکاتی ئاساییدا چاوەڕوان دەکرێ. بەڵام ئەزموونە چڕو هاوشێوەکان دەگمەنن، و لەگەڵ بوونی ئەزموونی و لەم شێوەیەدا کات هەر پێویستە (ئەشوکا مەهنا)، لەدەست پێکی تێڕوانینەکانی لەسەر

هۆی لاوازی کۆمۆنیزم لە هیندا دەڵێت: «ناتوانرێ پارتێک لە ماوەی رۆژێکدا پێک بهێنرێ. لە چیندا پارتێکی گەورە بەخێرایی لە رێگە شۆڕشەوە پێکهات. پارتی سەرەکی دیکەش لە وولاتانی تردا بەهۆی شۆڕشەوە پێکهاتووە. بەڵام مەحاڵە لەرێگەی کەناڵە سروشتییەکانەوە پارتێکی گەورە پێک بهێنرێ بۆ ئەوەی بگاتە ملیۆنێک کەس و لە نێو ملیۆن گونددا هۆشیاریان کاتەوە». (٩)

**دووەم:** بۆ گونجان، تەمەنی پەیدابوونە، مادام رێکخراوە هەتائێستاش خاوەنی هەمان سەرکردە یەکەمەکانێتی، مادام رێوشوێنەکان تائێستاش لەلایەن ئەوانەوە جێبەجێ دەکرێت کە یەکەم جار جێبەجێیان کردووە، گونجانی جێی گومانە. هەرچەندێ ئەو جارانە زۆربێ کە رێکخراوەکە سەرکەوتووبێ لە تێپەڕاندنی کێشەی گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵاتدا و، کۆمەڵە سەرکردەیەک بە کۆمەڵێکی تر ئاڵوگۆڕ دەکرێ، ئاستی دامەزراوەیی بەرزتربووە. تاڕادەیەکی زۆر، تەمەنی پەیدابوون، بەتەواوی بەتەمەنی کاتی دادەنرێ. بەڵام پارتە سیاسیەکان و حکومەتەکان لەوانەیە چەند دەیەیەک بەردەوام بێ لەژێر سەرکردایەتی تاکەیەکدا. دامەزراوەیی رێکخراوەکان ئەگەر پارت بێ یان حکومەتەکان یان سەندیکاکان – بەزۆری ساوان. کەلێنی نێوان تەمەنی کاتی و تەمەنی پەیدابوون دەشێ لە سەرەتای مێژووی رێکخراوەکە گەورەتر بێ، زیاتر لەوەی کە دواتر لە ماوەی چالاکی نواندنیدا تیایدا دەبێ. ئەم کەلێنە ناکۆکی لە نێوان سەرکردە پێشینەکانی رێکخراوەکەو ئەو نەوەیەی کە راستەوخۆ بەدوایدا دێت دروست دەکات، کە رەچاوی تەمەن دەکات لە نەوەی یەکەمدا. لە ناوەڕاستی شەستەکاندا تەمەنی پارتی کۆمۆنیزمی چینی ٤٥ ساڵە بوو، بەڵام بەو گەورییشیەوە هەتا ئێستا لەژێر سەرکردایەتی نەوەی یەکەمی و سەرکردەکاندایە. لەوانەیە رێکخراوەکە بەتەواوی پاڵپشتی گۆڕانی سەرکردایەتی بکات بەبێ گۆڕینی نەوەی سەرکردایەتی ·نەوەیەک لە نەوەکانی تر ئەزموونە پێکهێنەرەکانی جیاوازە.بەتەنها ئالوگۆرکردنی کۆمەلێک سەرکردە بەکۆمەلێکی تر ،بۆزالْ بوون بەسەرقەیرانی جێ نشینی دا بۆنمونە ،لەبواری گونجانی دامەزراوەیی دا بەهایەکی هەیە ،بەلام هێندەی گوستنەوەی

سەرکردایەتی نابێ لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.واتەئالوگۆڕی کۆمەڵێک سەرکردەی تر ئەزموونی ڕێخراویی جیاوازوتایبەتی هەیە.گواستنەوە لە(لینین)ەوەبۆ(ستالین)بابەتی ئالۆگۆری دەسەڵات بوولە ناویەک نەوەدا،گواستنەوە لە(ستالین)ەوە بۆ(خرۆشۆف)بابەتی ڕابەری کردن بوو لە ناویەک نەوەدا.

**سێیەم:** هەندێ جار گونجانی ڕێخراویی لە چوارچێوەی وەزیفەکانی دا دەپێورێت.هەروەها دەکرێ وەزیفەی ڕێخراو بەژمارەیەکی بێ سنور لە هۆکار پێناسە بکرێ (ئەم تاوانبارکردن و دیاریکردنە گرنگە بۆ ڕێگەی وەزیفەیی لە تێگەیشتنی ڕێکخراوەکاندا). وەک نەریتی ڕێکخراو بۆ هەستان بەکارێکی دیاریکراو دروست دەبێ. کاتێ پێویستیی بەو کارە نەمێنێ، ڕێکخراوەکە ڕووبەڕووی قەیرانێکی گرنگ دەبێتەوە، یان وەزیفەیەکی نوێ دەدۆزێتەوە، یان خۆی رادەهێنێ بۆ قبوڵکردنی مردنێکی لەسەرخۆ. هەر ڕێکخراوێک خۆی لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا گونجاند کە بەسەر ژینگەکەیدا دێت و سەرکەوتووبوو لە تێپەڕاندنی گۆڕانکاری یان زیاد لە وەزیفە سەرەکییەکاندا، لەو ڕێکخراوە دامەزراوەتر کە ئەوەی پێناکرێت. خۆگونجاندنی وەزیفی نەک دیاریکردنی وەزیفی، ئەوە پێوەری راستەقینەیە بۆ ڕێکخراوێک کە ئاستێکی باڵای هەبێ لە پێشکەوتندا. وا لە دامەزراوەیی ڕێکخراو دەکات ئەوە پتر هۆکارێک بێت بۆ بەدەست هێنانی ئامانجێکی دیاریکراو.[١٠]

لەبری ئەوە وا لە سەرکردەو ئەندامەکانی دەکات لە پێناوی خۆیدا هەڵی سەنگێنن ئەوەش بوونی خودی (وجود الذاتي) گەشە پێ دەدات جیا لە وەزیفە دیاریکراوەکان کە لەهەر کاتێک دیاریکراودا رای دەپەڕێنێ، ئەمەش سەرکەوتنی ڕێکخراوە بەسەر وەزیفەکانیدا.

کەواتە تاکەکان و ڕێکخراوەکان زۆر بەڕوونی لە توانای کەڵەکەبوونی خۆگونجاندا . کە زۆربەی کات تاکەکان قۆناغی منداڵی و هەرزەکاری بەبێ پەیوەست بوونێکی قووڵ بەوردی بۆ وەزیفەیەکی دیاریکراو تێدەپەڕێن، کرداری پەیوەست بوون لە دوای قۆناغی

هەرزەکـــارییـــەوە دەست پێ دەکـــات وە کـــاتێ تاک زۆر بەراپەڕاندنی وەزیفـــەیەکی دیاریکراوەوە پەیوەست بوو، نارەحەتیەکی زۆرتر دەبینێ لە گۆڕینی ئەو وەزیفەیەو دەست هەڵگرتنی لەو بەدەنگەوەچوونانەی کە بۆ رووبەڕووبوونەوەی گۆڕانە ژینگەییەکان بەدەستی هێناوە، کەسایەتیەکەی پێکهاتووە و «ناچارە رێگەکانی» لەلایەکی ترەوە رێکخراوەکان زۆرجار بۆ جێبەجێکردنی مەبەستی تەواو دیاریکراو پێکدەهێنرێن.

کاتێ رێکخراوێک رووبەڕووی ژینگەیەکی گۆڕاو دەبێتەوە، ئەگەر بیەوێ پارێزگاری لە مانەوەی بکات، پێویستە پەیوەستبوونی بەوەزیفە سەرەکیەکەیەوە زیاد بکات. کاتێ رێکخراوەکە لەسەرڕێی خۆی وەستا. «ناچار نابێ» بە رێگەکانی.(١١)

لەڕووی کردارییەوە، رێکخراوەکان لە خۆگونجاندنی وەزیفیاندا جیاوازن. بۆ نموونە کۆمەڵەی لاوانی مەسیحی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا وەک رێکخراوێکی ئینجیلی بۆ رێنیشاندانی لاوە زووگوردەکان دامەزرا، کە لە ساڵەکانی سەرەتای شۆڕشی پیشەسازیدا بەلێشاو کۆچیان دەکرد بۆ شارەکان، لەگەڵ کەمبوونەوەی پێویستی بۆ ئەم وەزیفەیە، رێکخراوەکە توانی خۆی لەگەڵ پێشکەشکردنی ژمارەیەکی زۆر وەزیفەی تردا بگونجێنێ کە شێوەی «خزمەتگوزاری گشتی» لە خۆگرتبوو، کە پەیوەندییەکی ئاشکرای بەئامانجی «بەرەو پێشبردنی کەسێتی» رەواوە، هەبوو. بەپێی ئەوە بنەمای ئەندامیەتی کۆمەڵەکە فراوان بوو بۆ ئەوەی یەکەمجار پرۆتستانە نا ئینجیلیەکانیش وەربگرن، پێشان کاسۆلیکەکانی، دواتر جولەکەش، هەروەها پیاوە بەتەمەکانیش لە پاڵ لاوەکاندا، و ژنانیش لە پاڵ پیاوەکاندا(١٢) لە ئەنجامی ئەوەدا رێکخراوەکە گەشەی سەند، هەرچەندە وەزیفە سەرەکیەکەی لەکارگە شەیتانیە تاریکەکان بزربوو، رێکخراوی تریش هەیە، وەک یەکێتی ژنانی مەسیحی بۆ کۆنترۆڵکردنی نەفس، و بزوتنەوەی (تاوساند)، کە رووبەڕووی نارەحەتیەکی زۆربووەوە لەخۆگونجاندنی لەگەڵ ژینگەی گۆڕاودا. بەپێچەوانەی رێتێچوونە تیۆرەکانی دامەزراوبێ، ئەم بزووتنەوەیە ئیشی بۆ پارێزگاری کردن لە بەها رێکخراوییەکان نەکرد لەسەر حسابی بیروباوەڕە پێشووەکەی و، بزووتنەوەی تاون ساند

دابەش بوو لە نێوان ئەوانەی حەزیان دەکرد بەدڵسۆزی بمێنێتەوە بۆ وەزیفە سەرەکیەکە و، ئەوانەی ئەرکە رێکخراوەییەکانیان لە پێشەوە دانا. ئەگەر ناوبراوان سەرکەوتن لە ئاراستەکردنی هەژموونداری سەرکردەو ئەندامەکانی بە بەدەست هێنانی ئەو بەهایەی کە رێکخراوەکە وەک نموونەی بالا سەیری دەکەن، (بەسەرکردەو ئەندام و جەماوەرییانە بەیەکسان) دەگوێزرێتەوە بۆ پارێزگاریکردن لە بونیادی رێکخراوەیی لە خۆیدا. هەتا ئەگەر ئەمەش ببێتە هۆی دەست هەڵگرتن لە مەبەستە سەرەکیەکەی رێکخراوەکە[١٣] هێنانە ژێر باری (ملکەچکردنی) نەخۆشی ئیفلیجی منداڵ، قەیرانێکی هاوشێوەی بەهێزی بەگوێرەی «سینبەت»ە دامەزراوە نیشتمانیەکانەوە بۆنەهێشتنی ئیفلیجی منداڵ دروست کرد.ئامانجە سەرەکیەکانی ئەم دامەزراوەیە بەووردی دیاری کرابوو. ئاخۆ لەتوانایدا هەیەخۆی هەڵبوەشێنێتەوە لەکاتی بەجێ هێنانی ئەم ئامانجەدا،ڕای باو لەلای خۆبەخشەکان ئەوەبوو کەپێویستە رێکخراوەکە بەردەوام بێ.سەرۆکی لێژنەی یەکێ لەشارەکان ووتی..ئەتوانین شەڕی ئیفلیجی منداڵ بکەین ئەگەربتوانین خەڵک رێک بخەین.ئەگەرتوانیمان خەڵک بەوشێوە یەرێک بخەین ئەتوانین شەڕی هەموو شتێ بکەین». خۆبەخشێکی تر دەپرسێ: «ئایا خۆش نییە بتوانیت بەسەر ئیفلیجی منداڵ دا زاڵ بین، پاشان بایەخ بدەینە شتێکی ترو بەسەریدا زاڵ ببین و بەم شێوەیەیە بەردەوام بین؟ ئەم جۆرە چالاکییە دەبێتە پێشبڕکێ و، «پشە». کێشەی گونجانی وەزیفی بەنیسبەت رێکخراوە سیاسیەکانەوە زۆر جیاواز»نییە. پارتێکی سیاسی لە بواری تەمەنی وەزیفیدا پێشدەکەوێ کاتێ وەزیفەکەی لە نوێنەرایەتی کردنی جەماوەرێ لە دەنگدەرانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ نوێنەرایەتی جەماوەرێکی تر، هەروەها لە بواری تەمەنی وەزیفیدا پێشدەکەوێ کاتێ لەبەرهەڵست کارییەوە دەڕوات بۆ فەرمانڕەوایی کردن. ئەو پارتەی نەتوانێ گۆڕان کاری بەسەر جەماوەرە دەنگدەرەکانیدا بهێنێ، یان دەسەڵات بگرێتە دەست، هێندەی ئەو پارتە دامەزراو نییە کە دەتوانێ ئەم گۆڕانکارییانە ئەنجام بدات. پارتی نیشتمانی کە وەزیفەکەی پاڵپشتی کردنی سەربەخۆییە تووشی قەیرانێکی سەرەکی

دەبێتەوە کاتێ ئامانجەکەی دێتە دی، پێویستە لەسەری تاڕادەیەک خۆی بگونجێنێت لەگەڵ وەزیفەیەکی جیاوازتردا ئەویش فەرمانڕەوایی کردنی وولاتە لەوانەیە ئەم گۆڕانە وەزیفییە زۆر قورس بێت تەنانەت تا ئەو رادەیەی دوای سەربەخۆی لە تەرخانکردنی بەشێکی زۆر لە هەوڵەکانی بۆ بەرەنگاری کردنی داگیرکەر بەردەوام بێت. ئەو پارتەی بەم شێوەیە هەڵسوکەوت بکات بۆ نموونە ناگاتە ئاستی دامەزراوەیی پارتی کۆنگرێس، کە ئەو پارتە دژایەتیکردنی بۆ داگیرکەر دوای سەربەخۆیی خستە لاوە، بەخێرایی خۆی لەگەڵ کاروباری فەرمانڕەواییدا گونجاند بە پیشەسازی کردن وەزیفەی سەرەکی پارتی کۆمۆنیست بوو لە یەکێتی سۆڤیەتدا دەبێتە ئەزموونێکی سەرەکی بۆ دامەزراوەیی پارتی کۆمۆنیست بەرێژەی سەرکەوتنی لە گەشە پێدانی وەزیفەی نوێدا دوای بەرنامەڕێژی هەوڵەکانی لە بواری بەپیشەسازیکردندا. ئەو ئامرازی فەرمانڕەوایی کردنەی کە دەتوانێ لەگەڵ گۆڕانکارییە وەزیفەکاندا بەسەرکەوتوویی خۆی بگونجێنێ، وەک دەسەڵاتی پاشانشینی بەریتانی لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا، دامەزراوەترە لەو ئامرازەی کە ناتوانێ ئەوە بکات، وەک رژێمی پاشانشینی فەرەنسی لە سەدەکانی هەژدەو نۆزدەدا.

### سادەیی و ئاڵۆزی:

چەند رێکخراو ئاڵۆزبێ، ئاستی دامەزراوەیی بەرزتر دەبێ. (لەوانەیە) ئاڵۆزی چەند جارەی یەکە رێکخراوەییە لاوەکی و هەرەمی و وەزیفیەکان و، هەروەها جیاکردنەوەی شێوە جیاوازەکانی و یەکە لاوەکییە رێکخراوەییەکان بگرێتە خۆی، هەرچەندە ژمارەی یەکە لاوەکییەکان زۆرو هەمەجۆربێ توانای رێکخراوەکە بۆ چەسپاندنی دڵسۆزی ئەندامەکان و پارێزگاری کردنیان لەم دڵسۆزیە گەشە دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو رێکخراوەی زیاتر لە ئامانجێکی هەیە خۆی دەگونجێنێ بەرامبەر بە لەدەست دانی یەکێ لەو ئامانجانە، چاکتر لەو رێکخراوەی کە جگە لە یەک ئامانج هیچی تری نییە. ئەو

کارگەیەی شمەکی جۆراوجۆر بەرهەم دەهێنێ کەمتر تووشی کارتێکردن دەبێتەوە، لەوەی کە تاکە یەک شمەک بۆ بازاڕ بەرهەم دەهێنێ. لەوانەیە جیاوازی نەبێت لە نێوان یەکە لاوەکیەکانی ناو ڕێکخراوێکدا لە ئاستی وەزیفیدا ئەگەر دەرکەوت کە وەزیفییە، ئەوا یەکە لاوەکیەکان لە ئاستی دامەزراوە باڵاکاندا بۆ هەموو ئەوەی کە بەشێک لەو پێک دەهێنێ نزمترن. بەڵام گۆڕانکاری لەگشت وەزیفەکاندا، بە ئاسانی لە گۆڕانکارییەکاندا لە دەسەڵات و ڕۆڵی یەکە لاوەکیەکاندا ڕەنگدەداتەوە. ئەگەر یەکە لاوەکیەکان فرە وەزیفەبوون، هێزی دامەزراوەیی گەورەترە، بەڵام هەر ئەمەش لەوانەیە وای لێ بکات بەشداری لەکەمکردنەوەی نەرمی (مرونة) ڕێکخراوەکەدا بکات وەک گشت کەواتە بەپێی تێڕوانینی «زیگمۆند نۆرمان» ئەو سیستەمە سیاسیەی کە پارتەکانی پشتی بە «یەکگرتنی کۆمەڵایەتی» دەبەستێ، هۆشیاری دامەزراوەیی کەمترە، لەو سیستەمە سیاسیانەی کە پارتەکانی پشت بە نوێنەرایەتی تاکەکەسی دەبەستێ.(١٦)

ڕێکخراوە سیاسیە تەقلیدی و تاڕادەیەک سادەکان، زۆربەی جار لە میانەی کرداری هاوچەرخ بوونەوە (تێکدەچێ و هەڵدەشێنەوە، بەڵام سیستەمی سیاسی زۆر ئاڵۆز، زۆرتر توانای خۆگونجاندنی هەیە لەگەڵ ئەم داواکارییە نوێیانەدا. بۆ نموونە، یابان توانی دامەزراوە سیاسیە تەقلیدییەکانی بگونجێنێ لەگەڵ دنیای نوێدا، بەهۆی ئاڵۆزی ڕێژەییەوە (نیمچە ئاڵۆزییەکەیەوە) پێش ساڵی ١٨٦٨ بەدوو سەدەو نیو، ئیمپراتۆر لەناودابوو و شوگان «سەرکردە سەربازییەکان» لە بنەماڵەی توگوغادا خاوەنی دەسەڵات بوون. بەڵام سەقامگیری سیستەمی سیاسی بەتەنها پشتی بەسەقامگیری فەرمانڕەوایی شوگان نەبەستبوو. کاتێ دەسەڵاتی ئەم شوگانانە لەناوچوو دامەزراوەیەکی تەقلیدی تر هەبوو، ئەویش ئیمپراتۆر بوو، کە ئامادەبوو بۆ پێکهێنانی ئامرازێ بۆ هاوچەرخ کردنی چینی «ساموورای» لە جەنگاوەرە ئەرستۆکراتیەکاندا. لەناوبردنی «شوگان» مانای لەناوچوونی سیستەمی سیاسی نەبوو بەڵکو «گەڕانەوەی ئیمپراتۆربوو.

سادەترین سیستەمی سیاسی ئەوەیە کە پشت بەتاکە یەک کەس دەبەستێ، لە

هەمـانکاتدا کـەمـتـرین سـەقـامگیـری هەیە. «ئەرسـتـۆ» ئامـاژە بۆ ئەوە دەکـات کـە سیستەمەکانی فەرمانڕەوایی زۆرداری «استبدادی» لەراستیدا هەموویان «تەمەن کورتن» بەڵام لەلایەکی ترەوە، ئەو سیـسـتـەمـە سیـاسـیـەی کـە دامـەزراوەی سیـاسی هەمەجۆرو جیاوازی تێدایە، زۆرتر توانای خۆگونجاندنی هەیە و لەوانەیە رووبەڕووی داواکارییەکانی نەوەیەک ببێـتـەوە بەکـۆمـەڵێ دامـەزراوە و، رووبەڕووی داواکـاریـیـەکـانی نەوەیەکی تر ببێتەوە بە کۆمەڵێ دامەزاراوەی جیاواتر.

سیـسـتـەم لەناوخۆیدا ئامرازی خۆتازەکردنەوەو خۆگونجـاندنی تێـدایە. بۆ نموونە لە سیستەمی ئەمریکیدا، سەرۆک و ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی نوێنەران و دادگای باڵاو حکومەتی وولایەتەکان، رۆڵی جیاوازیان هەبووە لە سەردەمە مێژووییە جیاوازەکاندا پێی هەسـتاون. لەکـاتی سەرهەڵدانی کێشـەی نوێدا، لەوانەیە یەکێ لە دامـەزراوەکـان دەست پێشـخـەری بکات بۆ رووبەڕووبوونەوەی، پاشـان دامـەزراوەیەکی تر لە ئەسـتـۆی بگرێ. بەپێچـەوانەی ئەمەوە کۆمـارەکانی سێ و چوار لە فـەرەنسا وای کرد دەسـەڵات کۆمـەڵەی گشتی «جمعیە العمومیە» لە بیرۆکراسیەتی نیشتمانیدا چڕببێتەوە. ئەگەر روویدا، وەک چۆن هەمیشـە روودەدات، کۆمـەڵە «جمعیـە» پارچە پارچە بوو بەجۆری نەتوانێ بڕیاربدات و بیرۆکراسیەت دەسەڵاتی بڕیاردانێ قەرەبوو بکاتەوە، سیستەمەکە وای لێ دێ نەتوانێ لەگەڵ گۆڕانکاریە ژینگەییەکاندا خۆی بگونجێنێت و هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشە سیاسییە تازەکـاندا بکات. کـاتێ کـۆمـەڵە لە پەنجاکـانی سەدەی بیـسـتـەمـدا نەیتوانی چارەسەری رووخـاندنی ئیـمـپـراتۆریەتی فـەرەنسی بکات، دامـەزراوەیەکی تریش نەبوو، بوو نموونە دەستەیەکی راپەڕاندنی سەربەخۆ، بۆ ئەوەی لە بارگرانی ئەو کارە قورسە هەڵبی سێنێتەوە. لە ئەنجامدا هێزی سەربازی دەستی وەردایە سیاسەتەوە، ئەمـەش پێچەوانەی پرەنسـیـپی دەسـتوریە، لە دواتردا دامـەزراوەیەکی نوێ داهێنرا، کۆماری دیگۆل کە توانی چارەسەری کێشەکە بکات. «بیرک» لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەسەر قەیرانی پێشووی فەرەنسا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە «کە ئەو دەوڵەتەی ئامرازی بۆ هەر جۆرە گۆڕانکارییەک نەبوو، ئامرازی بۆ

پارێزگاری کردنی خۆی نییە». [١٨]

تیۆریزەکەرە سیاسیە تەقلیدیەکانی گەیشتنە هەمان دەرەنجام لەکاتی سەرقاڵ بوونیان بەکێشەی سەقامگیرییەوە، ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە کە شێوە سادەکانی فەرمانڕەواییکردنی زیاتر شیاوی هەڵوەشانەوەن؛ و «دەوڵەتی تێکەڵ» زیاتر شیاون بۆ سەقامگیری. ئەفلاتون و ئەرستۆ پێشنیارمان (إقترح) دەوڵەتی زۆر کرداری ئەو «سیستەمی حوکمەیە» کە لە نێوان دامەزراوە دیموکراسی و ئۆلیگاشیەکاندایە، و ئەرستۆ رەخنەی گرت و ئەڵێت: «ئەو سیستەمە دەستورییەی کە لە هەموو روویەکەوە بەشێوەیەکی رەها یان پشت بەچەمکی ئۆلیگاشی یان دیموکراسی دەبەستێ بۆ یەکسانی سیستەمێکی هەژارە و لەراستیدا وەک بەڵگەیەک بەسە: «کە رژێمی لەم شێوەیە هەرگیز بەردەوام نابێ». «پایەکانی دەستوری باشتر دەبێ ئەگەر رەگەزی هەمەجۆری تیادا بێ». [١٩] رژێمێکی لەم شێوە دەتوانێ بەسەر شۆڕش و هەڵگەڕانەوەدا زاڵ بێت. بولیبولیسن و شیشرۆن ئەم بیرۆکەیان وەرگرت و گەشەیان پێدا. هەموو شێوە ئاسان و «چاک»ەکانی شێوازەکانی فەرمانڕەوایی - پاشایەتی و ئەرستۆکراسی و دیموکراسی - دەتوانێ بۆ شێوە پێچەوانەکەی هەڵگەڕێتەوە - واتە بۆ فەرمانڕەوایی ستەمکاری و ئۆلیگارشی و ئاژاوەچێتی (غوغائی). بواری (خۆپاراستن) خۆ دوورخستنەوە لە روودانی نەبوونی سەقامگیری و داروخان نییە، مەگەر بەکۆکردنەوەی رەگەزەکان لەگشت شێوە باشەکان لە دەوڵەتێکی تێکەڵدا. ئاڵۆزی سەقامگیری دروست دەکات. دوای هەزار ساڵ «بیرک» هەمان شتی ووتەوە: کێشەیەکی بنەڕەتی لە رژێمی سادەدا هەیە بۆ ئەوەی نەڵێین چی لەو خراپترە». [٢٠]

## ئۆتۆنۆمی پاشکۆیەتی

پێوەری سێیەم بۆ دامەزراوەیی، بڕی بوونی سەربەخۆییە بۆ رێکخراوو رێوشوێنە سیاسیەکان لە کۆبوونەوەو رێگەکانی هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی تردا. تا چ رادەیەک بواری سیاسی لە بوارەکانی تر جیاوازە؟ لە سیستەمی سیاسی زۆر گەشەکردوودا

تاڕادەیەک ڕێکخراوە سیاسییەکان بەیەکگرتوویی دەناسرێت کە لە رژێمە کەم گەشەکردووەکاندا نییە، بەبێ ئەوەی گرووپ و ڕێوشوێنە ناسیاسیەکان کاریگەربن.

ئەمەی دواییان «کەم گەشەسەندووەکە» بەتەواوی بۆ کاریگەری دەرەکی (شیاوە) گونجاوە.

بەتەواوی، لە ئاستێکی بەدیقەتردا، ئۆتۆنۆمی پەیوەندی نێوان هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەک و ڕێکخراوە سیاسییەکان لەلایەکی ترەوە لەخۆ دەگرێ. دامەزراوەیی سیاسی بەنیسبەت ئۆتۆنۆمییەوە مانای گەشەکردنی ڕێکخراوو ڕێوشوێنە سیاسیەکان کە تەنها گۆڕانکاری نییە لە بەرژەوەندی گروپە کۆمەڵایەتییە دیاری کراوەکاندا ئەو سیستەمە سیاسیەی کە ئامرازێکە دەستەیەکی کۆمەڵایەتی - خێزان، خێڵ، چین - ئۆتۆنۆمی و دامەزراوەیی نییە. ئەگەر دەوڵەت لە خستنەڕووی مارکسیەتی تەقلیدییەوە، بەڕاستی «لیژنەی ڕاپەڕێنەری بۆرژوازی بێ»، بە دامەزراوە دانانرێ. دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ دەبێ، کاتێک ببەسترێتەوە بە بنەمای دادوەری رووتە، لە چوارچێوەی سەربەخۆیی ڕوانین و هەڵسوکەوتیەوە لە ڕوانین و هەڵسوکەوتی دامەزراوە سیاسی و گروپە کۆمەڵایەتییەکانی تر. ئۆتۆنۆمی لە دامەزراوە سیاسیەکاندا دەپێورێ، وەکو چۆن لە دەسەڵاتی دادوەریدا پێورا، لە چوارچێوەی بەرژەوەندی و بەها جیاکان لەوەی کە بۆ دامەزراوەو هێزە کۆمەڵایەتییەکانی ترە.

ئۆتۆنۆمی لە دامەزراوە سیاسیەکاندا، وەک ئەوەی لە دەسەڵاتی دادوەریدا هەیە، دەشێ دەرەنجامی کێبڕکێ بێت لە نێوان هێزە کۆمەڵایەتییەکاندا. بۆ نموونە، پارتێکی سیاسی، کە بەرژەوەندی تاکە گروپێکی کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو لە کرێکاران یان بازرگان یان جوتیاران بەیەکسانی - سەربەخۆیی کەمترە لەو پارتەی کە بەرژەوەندی ژمارەیەکی گروپی کۆمەڵایەتی کۆدەکاتەوە و پێکەوەی دەبەستێ. جۆری دووەمی پارتەکان بوونێکی دیارو سەربەخۆی هەیە لە هێزە کۆمەڵایەییە تایبەتیەکان. ئەمە بۆ ئەندامانی دەستە یاسادانەرو ڕاپەڕێنەرو بیرۆکراسیەکانیش ڕاست دەردەچێ.

هەروەها ڕێوشوێنە سیاسیەکان، وەکو ڕێکخراوە سیاسیەکان، پلەی جیاوازیان لە ئۆتۆنۆمی هەیە. سیستەمێکی سیاسی خاوەن ئاستێکی باڵا لە گەشەسەندندا، ڕێوشوێن دەگرێتە بەر بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی توندتیژی لە سیستەمەکەدا، ئەگەر بۆ لابردنیشی نەبێ، و دەست بەسەراگرتنی کاریگەری شۆڕش تیایدا لە کەناڵە دیاریکراوەکاندا. کەواتە کۆمەڵێ سەرباز دەتوانن بەرپرسە سیاسیەکان لابەن یان بچنە ژێر کاریگەری چەند دۆلارێکەوە لەم حاڵەتەدا ڕێکخراو و ڕێوشوێنەکان ئۆتۆنۆمیان نابێ. ئەو ڕێوشوێن و ڕێکخراوە سیاسیانەی کە ئۆتۆنۆمیان نییە، لە پێناسە بازارییەکەیدا پێی دەڵێن گەندەڵە.

ئەو ڕێکخراوو ڕێوشوێنە سیاسیانەی تووشی کاریگەرییە ناسیاسیەکانی ناو کۆمەڵگا دەبن، هەروەها زۆرجار تووشی کاریگەریەکانی دەرەوەی کۆمەڵگاش دەبنەوە بەکرێ گیراون دەستەو بیروڕاکان لە سیستەمێکی سیاسی تردا بەئاسانی سنور دەبەزێنن. بەم شێوەیە لەوانەیە کودەتایەکە لە سیستەمێکی سیاسیدا، بەئاسانی کودەتای تری بەدوادابێت، کە هەمان دەستە لە سیستەمی سیاسی کەم گەشەکردودا پێی هەستن. وەک چۆن لە هەندێ حاڵەتی تردا، ئەکرێ سیستەمێکی سیاسی وەلابخرێ لە ڕێگەی ئاودیوکردنی هەندێ بەکرێ گیراو بەدزییەوە بۆ وولاتەکە، بردنی هەندێ چەکەوە لە هەندێ حاڵەتی تردا ڕژێمێکی فەرمانڕەوایی سەروژێر ببێ لە ڕێگەی گۆڕینەوەی چەند پەیڤێک و چەند هەزار دۆلارێکەوە لە نێوان باڵوێزی دەوڵەتە بێگانەکەو ژمارەیەک کۆلۆنیالی ناڕەزاییەوە. شایەنی باسە سیستەمی سیاسی لە یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکادا، لە هەوڵدانیاندا بۆ بەرتیل پێدانی کارمەندە گەورەکان لە سیستەمی سیاسییەکاندا پارەیەکی زۆریان خەرج کرد بەبێ ئەوەی پشت ئەستوربن (مەبەستە کارمەندە گەورەکان)، هیچ یەکێکیان بیریان لە بەفیڕۆدانی ئەم بڕە پارەیە کردبێتەوە لە هەوڵی کارکردنە سەر کارمەندە گەورەکان لە سیستەمێکی سیاسی تردا.

هەموو کۆمەڵگەیەکدا کە ڕووبەڕووی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دەبێتەوە، گرووپی نوێ دەردەکەون بۆ بەشداریکردن لە کاری سیاسیدا. کاتێ ڕژێمە سیاسیەکە ئۆتۆنۆمی نەبێ، ئەم گرووپانە دەچنە بواری

سیاسییەوە بەبێ گوێدانە ڕێوشوێنە سیاسیە پەیڕەوکراوەکان. ڕێکخراوو ڕێوشوێنە سیاسیەکان ناتوانن ڕووبەڕووی کاریگەری هێزە کۆمەڵایەتییە نوێیەکە ببنەوە. لە سیستەمی سیاسی پێشکەوتوودا پێچەوانەی ئەمە ڕوودەدات، کە سەربەخۆیی سیستەمی بەئامرازی دوورخستنەوەی کاریگەری گروپە نوێیەکان و ڕێکخستنەوەیان پارێزراوە یان ئەم ئامرازە بەنقەست بەشداری ئەم گروپانە لە بواری سیاسیدا دوادەخات، یان لە ڕێگەی چارەسەری سۆشیالیستی سیاسییەوە، گۆڕانکاری بەسەر هەڵسوکەوت و هەڵوێستی ئەندامە دیارییەکانیدا دەهێنێ، بەچالاکی سیاسیان لە گروپە نوێیەکەدا لە سیستەمێکی سیاسی دامەزراوەیی بەرزدا زۆرجار گەیشتن بەناوەندە قیادیە گرنگەکان سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ، مەگەر ئەوانەی کە ماوەیەکیان لە مەشقکردندا بەسەربردووە لە ناوەندە کەمتر ئاڵۆزی گرنگەکاندا ئاڵۆزی بەشداری لە سیتەمی سیاسیدا دەکات. لە بواری گەیشتن بەسەربەخۆیی لە ڕێگەی گرنتی کردنی ڕێکخراو و ناوەندە جیاوازەکانەوە بەجۆرێ هەڵدەستێ بەدانانی خەڵک بۆ ناوەندە گرنگەکان. ناوەندە قیادیە باڵاکان بەمانایەک لە ماناکان چەقی سیستەمی سیاسین؛ و ناوەندە دەسەڵات کەمترەکان و ڕێکخراوە لاوەکیەکان و ڕێکخراوە نیمچە سیاسیەکان، وەک پاڵاوتەن پێویستە ئەو کەسانەی کە حەزیان لە گەیشتنە بەو چەقە پیایدا تێپەڕ بن. بەم جۆرە ئەو سیستەمە سیاسییەی کە هێزە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان و خاوەن کارە نوێیەکان لە خۆ دەگرێ بەبێ ئەوەی قوربانی بەخۆی بدات وەک دامەزراوە لە سیستەمێکدا کە ئەم جۆرە ئامرازە بەرگری کەرەی نییە، لەوانەیە کەسی نوێی و گروپی نوێ و ڕوانینی نوێ لە چەقی سێیەمدا بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەر، جێگەی کەس و ڕوانین و گروپە کۆمەڵایەتییەکان بگرێتەوە.

## پێکەوەنووسان و هەڵوەشاندنەوە

هەرچەندێ ڕێکخراو یەکبوون و پێکەوەنووسانی زیاد بکات، ئاستی دامەزراوەیی بەرزدەبێ، و لەگەڵ زیاتر لێکهەڵوەشانی ڕێکخراودا ئەم ئاستە دادەبەزێ. لەراستیدا دەبێت کۆدەنگیەک هەبێت وەک مەرجێکی پێشینە بۆ یەکبوونی هەر گروپێکی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوی کارا، تاکەمترین ڕادە، کۆمەڵگەیەکی کردەیی دەوێ لە سنوری کارکردنی کۆمەڵ و ڕێوشوێنەکاندا بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکییانە کە لەناو ئەم سنوورەدا

دەردەکەون و، پێویستە کۆدەنگیەکە درێژ ببێتەوە بۆ ئەوەی ئەو کاراکەرانەی ڕێکخراویش بگرێتەوە.

پێویست ناکات ئەوانەی بەشداریان لە سیستەمدا نەکردووە یان ئەوانەی کە بەشێوەیەکی پچڕپچڕ و پەراوێزکراوی بەشداریان تیادا کردووە. بەشداری لە یەکبووندا بکەن و لەراستیدا بەشداریکردنیان بەقەدەر بەشداری بەشداربووانی سیستەم نییە.(٢٢)

تیۆریانە، سیستەم بۆ خۆی سەربەخۆیە، بەبێ بوونی هیچ پێکەوە نووسانێک و، برێ لە پێکەوەنووسانی تێدا دەبێ بەبێ ئەوەی سەربەخۆش بێت. زۆرجار ئەم دوو سیفەتە پەیوەستن بەیەکەوە. سەربەخۆیی زاتی، دەبێتە هۆکارێک بۆ پێکەوەنووسانی، ڕێکخراو لە دۆزینەوەی ڕۆحیەت و شێوەدا سەربەست بێ کە دەبنە دوو نیشانەی جیاکەرەوە بۆ هەڵسوکەوتی وەکو چۆن سەربەخۆیی بەبێ دەستێوەردانی هێزە دەرەکیە دابەشکەرەکان دەگۆڕێت، لەراستیدا سەرباری ئەوەش سەرچاوە ناوخۆییەکان لە دابەشبوون نایپارێزن.

سەرباری ئەوەی کە کرداری فراوان بوون لە تێکڕای ئەندامانی ڕێکخراو یان بەشداربووان لە سیستەمێکدا خێرا یان گەورەن، دەبێتە هۆی لاوازکردنی پێکەوەنووسان بۆ نموونە دامەزراوەی فەرمانڕەوایی عوسمانی پارێزگاری لە گورج وگۆڵ و پێکەوە نووساوی خۆی کرد تا ئەوکاتەی کە پەیوەندی کردن پێوەی سنوورداربوو، تا ئەوکاتەی کە ئەندامە نوێیەکان «دەخرانە ژێر کرداری ڕۆشنبیرکردنی ئاڵۆز و پوخت بوون و پسپۆڕبوونەوە لەهەر قۆناغێکدا کە دەیانبڕی». دامەزراوەکە لاوازبوو کاتێ «موکوڕی هەموویان بۆ بەشداریکردن لە ئامانجەکانی دا زیادبوو ژمارەی ئەندامەکانی زیادبوو ئاستی ڕێکخستن و چالاکی دابەزی»(٢٣)

یەکێتی و گیانبازی و ئەخلاقیەت و سیستەم، سیفەتگەلێکن فەرمانڕەوایی پێویستی پێیانە وەکو چۆن کەتیبەی سەربازی پێویستی پێیەتی. ژمارەو چەک و ستراتیژی ئەو شتانەن گرنگیان هەیە بۆ جەنگ، بەڵام کەموکورت لە هەریەکەیاندا بەپێکەوەنووسان و ڕێکخستن هاوسەنگ دەکرێ لە ئاستێکی زۆر باڵادا. هەمان شت بۆ بواری سیاسەتیش

راستە. کێشەکانی نوێ کردنەوەی رێکخراوە سیاسیە تاڕادەیەک پێکەوە نووسراوەکان گرێیانەی دەکەن. دیفید رابۆپۆرت ئەمەی خستەڕوو کە دەڵێ: «هەستکردن بەیارمەتی دان لەناو هێزی سەربازیدا، تاڕادەیەکی زۆر لەو هەستە دەچن کە پێکەوە گرێدەری هەر گروپێک لەو خەڵکانە کە پیشەیان سیاسەتە - یا لە حەزی زۆربەی کەسەکان دەبن بۆ جڵەوکردنی ململانێ تایبەت و شەخسیەکانیان لە پێناوی ئامانجە کۆمەڵایەتییە گشتییەکان. پێویستە هاورێکان متمانە بەتوانای یەکتری بکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی وورووژاندنە هەمەجۆرەکان کە هەڕەشە لە یەکێتی کۆمەڵەکە دەکات، ئەگەرنا، لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییە نارەحەتەکاندا حەزی خۆ رزگارکردن، دەست بەسەر تاکەکاندا دەگرێ.(٢٤)

هاوکاری و رێکخستن دوو سیفەتی سەرەکین بۆ چوونە ناو شەڕ یان کارکردن لە بواری سیاسیدا؛ لەڕووی مێژووییەوە بڕاوەتەوە، ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە رێکخستنی یەکێکیاندا لێهاتووە، لە رێکخستنی دووەمیشدا کارامەیە. یەکێ لە زانایانی ئەنسرۆپۆلۆژیا ووتی: «پەیوەندی رێکخستنی کۆمەڵایەتی کارا لە هونەری ئاشتی و هونەری ململانێی گروپدا، پەیوەندییەکی جەوهەریە، چ لە قسەکردندا لەسەر شارستانیەت بێت یان ئەوەی کە شارستانیەت نییە. جەنگی سەرکەوتوو پشت بەکاری بەکۆمەڵ و دەبەستێ، کە ئەمانەش سەرکردایەتی و رێکخستنیان دەوێ. لەسەرووی ئەوەشەوە، رێکخستن و سەرکردایەتی لە کۆتاییدا هیچ نین جگە لە دوو نیشانە بۆ ئەوەی کە قوڵترو زۆر واقیعیترە؟ لێیان».(٢٥) کۆمەڵگاکانی وەک ئیسپارتاو رۆماو بەریتانیا، جێی چاوتێبڕینی هاوچەرخەکانیا بوون بۆ سەروەرێتی و دادپەروەری یاساکانی، هەروەها جێی چاوتێبڕین بوو بۆ بەیەکەوە نووساوی و رێکخستن کە سوپاکانیان دایان هێنان، رێکخستن و گەشەسەندن دوو شتی لێک جیانەکراوەن.

### ج- دامەزراوەی سیاسی و بەرژەوەندی گشتی:

دامەزراوەی سیاسی رەهەندی عەقڵانی هەیە وەک چۆن رەهەندی بوونیادی هەیە. کۆمەڵگە خاوەن دامەزراوە سیاسییە لاوازەکان توانای جڵەوکردنی زیادەڕەوی لە حەزە

تاکەکەسی و خۆپەرستییە تەسکەکان لەدەست دەدەن. سیاسەت دنیای کێبەڕکێیە. لە نێوان هێزە کۆمەڵایەتییەکاندا دوایی نایەت - لە نێوان مرۆڤ و مرۆڤ، خێزان و خێزان،و خێڵ و خێڵ، هەرێم و هەرێم، چین و چیندا- کێبەرکێیەکە رێکخراوە سیاسیە زۆر گشتگرەکان یەکلای ناکەنەوە. «خێزانی نائەخلاقی» لە کۆمەڵگەی «بانفیلدی»ی دواکەوتوودا، هاوشێوەی ئەوەی هەیە کە لە «نائەخلاقی خێڵەکی و، نائەخلاقی بەکۆمەڵ و، نائەخلاقی چینایەتیدا هەیە. ئەخلاق پێویستی بەمتمانەیە و، متمانەش پێویستی بەشیانی سەرپەرشتی کردن هەیە، شیانی سەرپەرشتی کردن پێویستی بەشێوە هەڵسوکەوتی رێکخراوو دامەزراوەیی هەیە. بەبێ دامەزراوەی سیاسی بەهێز، کۆمەڵگە ئامرازی (میکانیزمی)، پێوستی نابێ بۆ دیاریکردن و بەدەست هێنانی بەرژەوەندی هاوبەش و توانای بەدەست هێنانی دامەزراوەی سیاسی توانایە بۆ هێنانەکایەی (خەلق کردنی) بەرژەوەنی گشتی.

تەقلیدیانە، بابەتی بەرژەوەندی گشتی بەسێ رێگە خراوەتەڕوو[٢٦]، یان لەگەڵ بەها نوێ و بنچینەیی و میللییەکانی و لەگەڵ پرەنسیپەکانیدا وەک یاسای سروشتی و دادوەری و نەریتە دروستەکاندا بێتەوە یەک، یان لەگەڵ بەرژەوەندی تایبەتی کەسێکی دیاریکراودا، «دەوڵەتی خۆم» یان بۆ دەستە یان چینێکدا (مارکسیەت)، یا بۆ زۆرینە، یان وادانراوە لەگەڵ کردەی کێبەرکێی نێوان تاکەکاندا (لیبرالێتەتی کلاسیکی)، یان لە نێوان گروپە بنتلیەکاندا بێتەوە یەک، کێشەی هەموو ئەم رێگەیانە لەگەیشتن دایە بەدیاریکردنێکی جێگرو گشتی وەک لەوەی تەمومژاوی تایبەت بێ بەڵام لە چارەڕەشیدا، دیاریکردنی خودی شتەکە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا گشتی نییە، بەدیاریکردنی جێگیری (العینیە)کەمە. رێگەیەکی لایەنگیر هەیە بۆ دەرچوون لەم کێشەیە، بەزانینی بەرژەوەندیە گشتییەکان بەپێی بەرژەوەندییە جێگیرەکانی دامەزراوە حکومیەکان، ئەو کۆمەڵگەیەی کە رێکخراوی فەرمانڕەواو رێوشوێنی دامەزراوەیی بەرز لە خۆی گرێ توانای زیاترە بۆ روونکردنەوەی بەرژەوەندی گشتی و بەدیهێنانی وەک «فریدریک» باسی لێوە دەکات:

«کۆمەڵە سیاسییە ڕێکخراوەکان «دامەزراوەییەکان» لە کۆمەڵە نارێکخراوەکان باشتر دەگونجێن لەگەیشتن بەدەرکردنی بڕیارەکان و گەشەپێدانی پلانە سیاسیەکان» [٢٧] بەم مانایە، بەرژەوەندی گشتی شتێکی هەبوو و بەڵگە نەویستە لە یاسای سروشتیدا یان لە ئیرادەی گەلدا. هەروەها بەسانایش ئەوە نییە کە لە کرداری سیاسییەوە بەرهەم دێت؛ بەڵکو ئەوەیە کە هێزی دامەزراوە فەرمانڕەواکان زیاد دەکات. بەرژەوەندی گشتی بەرژەوەندی و دامەزراوە گشتییەکان. شتێکە دامەزراوەیی ڕێکخراوەکانی فەرمانڕەوایی دروستی دەکەن و دەیهێننە بوون. لە سیستەمی سیاسی ئاڵۆزدا، ژمارەیەکی زۆر لە ڕێوشوێن و ڕێکخراوی فەرمانڕەوایی، ڕووی جیاوازو هەمەجۆری بەرژەوەندی گشتی دەنوێن. بەرژەوەندی گشتی لە کۆمەڵگەی ئاڵۆزدا مەسەلەیەکی ئاڵۆزە.

دیموکراسیەکان لەسەر ئەوە ڕاهاتوون کەوا سەیری دامەزراوەکانی فەرمانڕەوایی بکەن کە وەزیفەی نوێنەرایەتیان هەیە. بەو مانایەی کەوا بەرژەوەندی کۆمەڵەیەکی تر لەگرووپەکان دەخاتەڕوو، (جەماوەر یان لەسەرکەوتووەکان) هەروەها حەز لە پشتگوێ خستنی ئەو ڕاستییە دەکەن کە دامەزراوەکان لە فەرمانڕەواییدا بەرژەوەندی تایبەتیان هەیە. ئەم بەرژەوەندییانە بەتەنها هەبوو نین، بەڵکو ڕاستەقینەو شیاویش گومانی تێدا نییە کە پرسیارێکی لەم جۆرە: «بەرژەوەندی سەرۆکی کۆمار لە وولاتە یەکگرتووەکاندا چییە؟ بەرژەوەندی ئەنجوومەنی پیران چییە؟ بەرژەوەندی ئەنجوومەنی نوێنەران چییە؟ و بەرژەوەندی دادگای باڵا چییە؟». پرسیاری ئەم جۆرە گرانە، بەڵام وەڵامدانەوەی مەحاڵ نییە. وەڵامەکە نرخێکی ڕێژەیی بۆ «بەرژەوەندی گشتی» پێک دێنێت لەوولاتە یەکگرتووەکاندا بەهەمان شێوە، لەوانەیە بەرژەوەندی گشتی لە بەریتانیادا لە ڕێگەی بەرژەوەندی دامەزراوە تایبەتیەکانی تەختی پاشایەتی و ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمانەوە دەخەمڵێنرێ. لە یەکێتی سۆڤییەتدا وەڵام دانەوەی بەرژەوەندی دامەزراوەیی لیژنەی ڕاپەڕاندنی هەمیشەیی و ئەمینداریتی گشتی و لیژنەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیست دەگرێتەوە.

بەرژەوەندی دامەزراوەکان لە بەرژەوەندی ئەو کەسانە جیاوازە کە ئیشی تێدا دەکەن. تێبینی بەنرخی کینز: «لە کۆتاییدا هەموومان دەمرین» بەسەر خەڵکدا جێبەجێ دەبێت نەک دامەزراوەکان. بەرژەوەندی خەڵک بەپێی پێویست بەرژەوەندی ماوەکورتن. بەڵام بەرژەوەندی دامەزراوەکان لەگەڵ کات بەردەوام دەبن؛ لایەنگیران چاودەبڕنە بەرژەوەندی دامەزراوەکە تا داهاتوویەکی دیاری نەکراو. ئەم رایە زۆرجار بەمانای دانانی «ئاستێک» سنوورێک دێت بۆ ئامانجە راستەوخۆکان ئەرستۆ دەڵێت: «روانگەی سیاسی دروست بۆ دیموکراسی و ئۆلیگارشی بەیەکسانی ئەوە نییە کە زۆرترین بڕی شیاو لەهەردوکیاندا دەستەبەر دەکات، بەڵکو ئەوەیە کە درێژترین تەمەنی شیاو بۆ هەردووکیان دەستەبەردەکات»(٢٨) ئەو سیاسیەی کە ئەیەوێ لە ماوەیەکی کورتدا دەسەڵات یان هەر بەهایەکی تر زیاد بکات زۆربەی جار دامەزراوەکەی تا مادەیەکی دوورودرێژ لاواز دەکات. لەوانەیە دادوەرانی دادگای باڵا بەپێی ویست و ئارەزووی شەخسی خۆیان بڵێن ئەو بڕیارەی کۆنگرێس دەری کردووە بەپێی بنەماکانی دەستوور نییە، کاتێ بیردەکەنەوە کە ئایا ئەم هەنگاوە لە بەرژەوەندی گشتییە یان نا. پێویستە لە خۆیان بپرسن بزانن ئەم رێوشوێنەیان دەڕژێتە جۆگەلەی بەرژەوەندییە دامەزراوەییە دوور مەوداکانی دادگای باڵاوە. پیاوانی دەوڵەت لە سیستمی دادوەریدا لە جۆن مارشاڵ دەچن لە کێشەی ماربوری دژی مادیسۆن، دەسەڵاتی دامەزراوەی دادگا زیاد دەکەن، بەجۆرێ مەحاڵە سەرۆک کۆمار یان کۆنگرێس بەرەنگاری ببێتەوە. بەپێچەوانەی ئەوەی، دادوەرانی دادگای باڵا لە سییەکانی سەدەی بیستەمدا خەریک بووی راستەوخۆ چوارچێوەی بازنەی دەسەڵاتیان فراوان بکەن لەسەر حیسابی بەرژەوەندییە دوور مەوداکانی دادگا وەک دامەزراوەیەکی دادوەری.

«ئەوەی بۆ جەنەڕاڵ مۆترز باشە بۆ وولاتیش باشە»، ئەم قسەیە بەشێ لە حەقیقەت دەخاتەڕوو «بەڵام وتەی ئەوەی بۆ سەرۆکایەتی باشە بۆ وولاتیش باشە» بڕێکی زۆرتر حەقیقەتی تێدایە، لە سێ ئەمریکی دەپرسم کە ئاستێکی کلتووری شیاویان هەیە، پێنج کەس لە باشترین خراپترین لاوازترین سەرۆک کۆمار دیاری بکەن. ئەگەر دەرەنجامی

چاوپێکەوتنەکە سەد دەر سەد هێز یەکسان نەبوو بەچاکسازی و لاوازی یەکسان نەبوو بەخراپە. بەدڵنیاییەوە لە ڕێژەی هەشتا بۆ سەد کەمتر نییە. سەرۆکەکان وەک جێڤەرسۆن و لینکۆڵین و ئیودورو فرانکلین ڕۆزڤلن و یلسۆن کە دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی خۆیان فراون کرد بە بەڵێندەری خێرخوازی دادەنرن بۆ خۆشگوزەرانی گشتی و بەرژەوەندی نەتەوەیی. سەرکردەی نموونەی بوشانات و گرانت و هاردینگ، کە سەرنەکەوتن (فەشەلیان هێنا، لە بەرگری کردن لە دەسەڵاتی دامەزراوەکانیاندا، لە ڕووبەڕووبوونەوەی گرووپەکانی تردا، وای دادەنێن کە کەمترین سودیان بۆ وولات هەبووە). بەرژەوەندی دامەزراوەیی لەگەڵ بەرژەوەندی گشتیدا تەبا دەبێ، دەسەڵاتی سەرۆکایەتی لەگەڵ بەرژەوەندی دەوڵەتدا دێتەوە یەک.

لە یەکێتی سۆڤیەتدا بەرژەوەندی گشتی بەشێوەیەکی نزیکەیی لە ڕێگەی بەرژەوەندی دامەزراوەیی دەستەباڵاکان لە پارتی کۆمۆنیستدا دەخەملێنرێ: «ئەوەی بۆ لیژنەی ڕاپەڕاندنی هەمیشەیی باشە بۆ یەکێتی سۆڤیەت باشە»، بەپێی ئەم ووتەیە دەکرێ پێناسەی ستالینیەت بکەین، حاڵەتێکە بەرژەوەندی تایبەتی فەرمانڕەوا دەکەوێتە پێش بەرژەوەندی دامەزراوەیی پارتەوە لە کۆتایی سیەکانەوە ستالین بەبەردەوامی ئیشی لەسەر لاوازکردنی (پارتی کۆمۆنیست) دکرد، کە لە نێوان سالانی **١٩٣٩** بۆ **١٩٥٢** پارتی هیچ کۆنگرەیەکی نەبەست. بەدەگمەن لیژنەی مەرکەزی پارتی لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانی و دواتریشدا کۆبووەوە؛ گشتی و هەرەمیەت لە پارتدا لاوازکرا لە ڕێگەی داهێنانی دەستەی داهێنان دەستەی ڕکابەرەوە. ئەم کردارە وا دەردەکەوێ وەک ئەوەی ببێتە هۆی گۆڕینی کۆمەڵێ دامەزراوەی فەرمانڕەوا بەکۆمەڵێکی تر؛ هەندێ بیریاری ئەمریکی و هەندێ لەسەرکردە سۆڤیەتیەکان باوەڕیان وابوو، کە ڕێکخراوە حکومیەکان دەبنە دامەزراوەی فەرمانڕەوا لە یەکێتی سۆڤیەتدا وەک ئەلتەرناتیڤ بۆ ڕێکخراوە پارتیەکان بەڵام ئەمە مەبەستی ستالین نەبوو، وە بەگوێرەی ئەوەی کە پێی هەستا رووی نەدا. ستالین دەسەڵاتی تایبەتی زیادکرد نەک دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی. کاتێ مرد

لەگەڵیدا دەسەڵاتە تایبەتیەکەشی مرد.

لەو ملمـلانێـیـەی کە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییـە هەڵگیرسا. سەرکەوتن هاوپەیمانی خرۆشـۆف بوو کە وای کرد بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی رێکخراوی پارتدا بێتەوە یەک؛ خرایە پێش مالینکۆفەوە کە وای لە خۆی کرد لەگەڵ بیرۆکراسیەتی حکومیدا بێـتـەوە یەک. پێکەوە بەسـتنی خـرۆشـۆف بۆ دەسـەڵات نیـشـانەی ژیانەوەی دەسـتـە سەرەکیەکانی (حیزب) پارت و زیندووکردنەوەی بوو. ستالین پارتی تەواو لاوازکردبوو وەک چۆن گـرانت سەرۆکـایەتی کۆمـاری لاوازکردبوو، هەرچەندە هەریەکـەیان بەرێگەی جیـاوازو پاڵنەری جیاواز کاریان دەکرد. وەک چۆن سەرۆکایەتی بەهێز لە کرۆکی بەرژەوەندی گشتی ئەمریکییە، بەهەمان شێوە پارتی بەهێز لەکرۆکی بەرژەوەندی گشتی سۆڤیەتە.

بەپشت بەستن بەتیـۆری یاسـای سروشـتی، کارەکانی فەرمانڕەوایی رەوا دەبێ بەبڕی گونجـانی لەگەڵ «فەلسـەفەی گشـتـیدا»[٢٩] ئەمەش بەپێی تیـۆری دیموکـراسی، رەوایەتی پشت بەبڕی توانای بەرجەستـەکردنی ئیرادەی گەل دەبەستێ. وە بەگوێرەی بیـرکردنەوەی پاداشـتـییـەوە کـارەکانی فـەرمـانڕەوایی رەوا دەبێ، ئەگـەر دەرەنجامی کرداری ملمـلانێ و یەکـلاکـردنەوە، بخـاتەڕوو کـە هەمـوو ئەو گـروپانەی بایەخ بەکـارەکـە دەدەن بەشـداریان تێـداکـرد. بەڵام رەوایەتی ئەو کـردارانەی کـە فـەرمـان رەوایی پێی هەڵدەستێ، لەوانەیە لەلایەکی ترەوە، بەدوای بڕی توانایدا بگەڕێت بۆ بەرجەسـتـەکـردنی بەرژەوەندییـەکـانی دامەزراوە مـیـرییـەکان. بەپشت بەستن بەتیـۆرییەکی لەم جۆرە، پێچـەوانە لەگەڵ تیـۆری فـەرمـانڕەوایی نمونەییـدا، دامـەزراوە مـیـرییـەکـان رەوایەتی و دەسـەڵاتیـان لەبڕی نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندییـەکـانی گـەل یا هەر گـروپێکی تر وەرنـاگـرن، بەڵکو بەبڕی بوونی بەرژەوەندی جیـای تایبـەت بەخۆیـان، جیا لە بەرژەوەندی گرووپەکـانی تر. زۆرجار سیاسیەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە کاروبارەکان دوای گەیشتنیان بەدەسەڵات «گۆڕاون»، زیاتر لەوەی لەکـاتی ملمـلانێکردندا هەبوون. ئەم جیـاوازییـە پێـوەرێکە بۆ پێـوانەی داواکـاری دامـەزراوەکـانی فـەرمـانڕەوایی. ئەم جیـاوازییـە لەم روانگەیەوە رەوایەتی

دەبەخشێ بەوەی کە بەدەست هێنەری پێگەی میرییە نەک بەهاوولاتیان. بۆ نموونە لەوانەیە بەرژەوەندی سەرۆک بەشێوەیەکی رێژەیی و کاتی یەکەمجار لەگەڵ گروپێکدا بێتەوە یەک» پاشان لەگەڵ بەرژەوەندی گروپێکی تردا. بەلام بەرژەوەندی پێگەی سەرۆکایەتی، وەک چۆن نیوچاد جەختی لەسەر کردۆتەوە[٣٠] لەگەڵ هیچ بەرژەوەندییەکدا نایەتەوە یەک جگە لە بەرژەوەندی ئەو. دەسەلاتی سەرۆک لە نوێنەرایەتی هیچ یەکێ لەوانە ناکات. لەبەر ئەم هۆیە ئەم پێگەیە بەیەکگرتوو و بەهێز دادەنرێت، دەسەلاتەکەشی لە یەکبوونییەوە هەڵقولاوە.

دامەزراوەی سیاسی وەک (سەرۆک کۆمارو لیژنەی ناوەندی) توانای کۆکردنەوەی بەرژەوەندی گشتی هەیە، ئەمەیە لەرووی سیاسییەوە کۆمەڵگەی پێشکەوتوو لە دواکەوتوو کۆمەڵگەی ئەخلاقی لەکۆمەڵگەی نائەخلاقی جیادەکاتەوە. ئەو فەرمانڕەواییەی کە ئاستی دامەزراوەیی (دابەزیووە) نەک هەر فەرمانڕەواییەکی لاواز نییە، بەڵکو فەرمانڕەواییەکی خراپیشە (نائەخلاقی) وەزیفەی فەرمانڕەوایی ئەوەیە فەرمانڕەوایی بکات، فەرمانڕەوایی لاواز یان ئەو فەرمانڕەواییەی کە دەسەلاتی نییە، لە راپەڕاندنی کارەکانیدا شکست دەهێنێ و نائەخلاقییە بەهەمان نائەخلاقی دادوەرێکی گەندەڵ، سەربازێکی ترسنۆک، یان مامۆستایەکی نەزانی. بنەمای ئەخلاقی دامەزراوە سیاسیەکان لە کۆمەڵگە ئاڵۆزەکاندا لە پێویستی خەڵکەوە هەڵقولاوە.

پەیوەندی نێوان شارستانیەتی کۆمەڵگەو دامەزراوە سیاسیەکان پەیوەندییەکی دیالەکتیکییە. روجوڤینال دەڵێت یەکبوون واتە «دامەزراوەیی متمانە» و «وەزیفەی سەرەکی دەسەلاتە گشتییەکان» لە «بەهێزکردنی متمانەی دوو لایەنەی باوەڕەیە لە دڵی یەکبوونی کۆمەلایەتیدا»[٣١] بەپێچەوانەی ئەمەوە، لەدەستدانی متمانە لە شارستانیەتی کۆمەڵگەدا کۆسپی گرنگ لەبەردەم چەسپاندنی دروستکردنی دامەزراوەی گشتیدا دەخولقێنێ. ئەم کۆمەڵگەیانە کە فەرمانڕەواییان بەدەست نەبوونی چالاکی و ناسەقامگیرییەوە بەدەست لاوازی متمانەی بەرامبەری نێوان هاولاتیانیشەوە دەناڵێنێ،

لە دڵسۆزی «ولاء» نەتەوەیی و گشتیدا و، لە لێهاتوویی و توانای ڕێکخستنی دا هەروەها زۆرجار ئاماژە بۆ شارستانیەتی سیاسیان دەکرێ بەوەی کە بەگومان و دڕدۆنگی و دوژمنایەتی شاراوە یان نادیار دەناسرێ، بەرامبەر بەهەرکەسێ یەکێ نەبێت لە ئەندامانی خێزان، یان خێڵ ئەم سیفەتانە لە زۆر شارستانیەتەکاندا هەیە وە دەکرێ بەرزراگرتنی بەربڵاوتربێ لە دنیای عەرەبی و ئەمریکای لاتینیدا. لە بۆچوونی یەکێ لە چاودێری کەراندا هاتووە: «لە دەست دانی متمانە لای عەرەب هەرزوو لە خوددا یەکبگرێ لەناو سیستەمی بەهادا لای مناڵ... لەدەستدانی سیستەم و هاوکاری و بەیەکەوەنووسان... بیرکردنەوەی گەشەسەندووە نییە و هۆشیاری کۆمەڵایەتی لاوازە. دڵسۆزیان بۆ دەوڵەت جێگیر نییە وابەستە بوونیان لەگەڵ رابەرەکاندا بێ هێزە و. زیاتر لەمەش کەشێکی ترسێنەری گشتی زاڵ دەبێ بەسەر ئەوانەی کە بەبێ متمانەییدا فەرمانڕەوایی دەکەن». (٣٢)

لە ئەمریکای لاتینیدا نەریتی خۆپەرستی تاکەکەسی یان ترسان لە گرووپەکانی تر بەسەر کۆمەڵگادا زاڵە. بۆلیڤار بە پەژارەوە لەسەر ئەم حاڵەتە دواوەو دەڵێت: «متمانەی نیەت باش لە ئەمریکادا نییە، نە لە نێوان خەڵک و نە لە نێوان دەوڵەتاندا. ڕێکەوتننامەکان تەنها کاغەزن و، دەستوورەکان کتێب و، هەڵبژاردنەکان جەنگ و، ئازادی گێرەشێوێنی و، ژیان ئازاردان، تەنها کارێ کە مرۆڤ ئەتوانێ لە ئەمریکادا بیکات ئەوەیە دوای سەدەیەک جاڕس بوون کۆچ بکەن هاوشێوەی ئەوە لەرۆژنامەیەکی ئیکوادۆریدا دەخوێنێتەوە: «لە سایەی سیاسەتی بۆسەداناندا کە ئەم بۆ ئەوی تری دادەنێ، ترسی هەمیشەیی لە نێوان هەموویاندا، ناتوانین جگە لە چاندنی فەوتان و کاولکاری لەسەراپای وولاتدا هیچی تر بکەین، ئەم جۆرە کارە سیاسیانە تواناکانی فەوتاند و هێزمانی تێک شکاند. (٣٣)

هەمان ئەو سیفەتانە لەو دەوڵەتانەدا دەرکەوت کە سەر بەشارستانیەتی عەرەبی و ئەیبری نین. لە حەبەشەدا: «کەشی سیاسی لە وولاتدا لە نەبوونی متمانەی بەرامبەری

(ئاڵوگۆڕ متبادل)و نەبوونی هاریکاری لە نێوان خەڵکدا پێکدێت، ئەم دوو دیاردەیە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بەروانینێکی زۆر نزمەوە هەیە بۆ شیانی مرۆڤ بۆ پێکەوە ژیان و کۆبوونەوە... بیرکردنەوە لە توانای تێپەڕاندنی رۆحی (زاڵ) باو لە دوو دڵی و ترسی ئاڵوگۆڕی متمانە لە نێوان خەڵکدا... بەهێواشی دەردەکەوێ کە ئەویش زۆر دەگمەنە. سیاسەت لە ئێراندا «سیاسەتی. بێمنمانەیی» وەسف دەکرێت. لەم بوارەدا دەوترێت کە ئێرانییەکان «ناڕەحەتییەکی زۆر ئەبینن لە متمانەکردنی یەکێکیان بەوی تریان یان لەوەدا کە ژمارەیەکیان هەستن بەکارێکی هاوبەش بۆ ماوەیەکی کورت». و لە بۆرمادا منداڵ «تەنها لەناو خێزانەکەیدا» هەست بەدڵنیایی دەکات و هەموو فاکتەرەکان بەتایبەتی نامۆکان، سەرچاوەی مەترسین، پێویستە بەزۆرزانی و وورباییەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ بکەن. لە ئەنجامی ئەوەدا «بۆرمییەکان» هەمیشە نیگەرانن (چواندنی) وێناکردنی خۆیان بەوەی بەسترابێتەوە بەرژێمێکی بابەتی و رێکخستنێ بۆ پەیوەندی بەمرۆییەکان، هەتا لە دەوڵەتە «رۆژئاوایی» و پێشکەوتووە ئابوورییەکانی وەک ئیتاڵیادا، شارستانیتی سیاسی هەیە بەرەو دوورخستنەوەی سیاسی، نیمچە دیار و کەنارگیری و بێ متمانەیی دەچێ لە کۆمەڵگەدا،(٣٤) هەژموونی نەبوونی متمانە لەو کۆمەڵگەیانەدا سنور بۆ دڵسۆزی تاک بۆ کۆمەڵە پوخت و ئاشناکان دادەنێ. خەڵک هەست بەدڵسۆزی بۆ خێڵەکانیان دەکەن، لەوانەیە بۆ تیرەکەشیان، نەتوانن ئەوە بکەن، بەڵام بەڵام ناتوانن، فراوانی خاوەی دامەزراوەی سیاسی بن.

لە کۆمەڵگە سیاسی گەشەسەندوودا، دڵسۆزی بۆ ئەم گرووپە کۆمەڵایەتییە زۆر کەم ملکەچی دڵسۆزی دەوڵەت دەکرێ لەناو ئەم چوارچێوەیەدا رێک دەخرێ. وەکو بیرک دەڵێت: «خۆشەویستی بەم ملکەچکردنە تایبەتە (ناکوژێتەوە)، دانامرکێتەوە.. کە وابەستە بین بەش (جزء)و ئینتیمامان بۆ گرووپی بچووک هەبێ لە کۆمەڵگەدا، ئەوە پرەنسیپی یەکەمە «واتە رەسەن»، بۆ هاوسۆزی گشتی». بەڵام لەو کۆمەڵگەیانەدا کە یەکگرتنی سیاسی نییە، دڵسۆزی بۆ (گروپە زۆر رەسەنە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان –

خێزان، خێڵ، گوند، تیرە، ئاین، چینی کۆمەڵایەتی رکەبەری دڵسۆزییە بۆ دامەزراوەکان دەسەڵاتە گشتییە زۆر گشتیگیرەکان)، زۆرجار جێگەی دەگرێتەوە.

لەم رۆژانەدا (مەبەستی شەستەکان سەدەی بیستە) دڵسۆزی خێڵەکی لە ئەفریقادا بەهێزە و، دڵسۆزی نەتەوەیی و نیشتمانیی لاوازە. لە ئەمریکای لاتینیدا بە دەربڕینی «کالمان سیلفرت» نەبوونی متمانەی درێژخایەن بەدەوڵەت، سەرباری نوێنەرایەتی کردنی راستەوخۆ لە فەرمان رەوایدا بۆ بەرژەوەندییە ئابووری و داگیرکاری، هێزی گروپ تێک دەشکێنن، و فرەیی لەناو دەبەن.

گرنگی گشتگری رێتچوو بۆ کاری سیاسی لەفراوانترین مانا رەد دەکەنەوە»[٣٥] یەکێ لە توێژەرەکان ئاماژەیان بۆ کردووە کە: «دەوڵەت لە ژینگەی عەرەبیدا هەمیشە دامەزراوەیەکی لاوازە، لاوازتر لە تێکڕای دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک خێزان و خێڵ و گروپی ئایینی و چینی فەرمانڕەوا و، بەرژەوەندی تایبەت هەمیشە لە بەرژەوەندی گشتی بالاترە». لە تێڕوانینێکی هاوشێوەدا هـ. أ. ر. گیب. لێی دواوە دەڵێت: «گرنگترین لاوازی کە دەوڵەتی عەرەبیەکان بەدەستییەوە بناڵێن، بەتەواوی دانەهێنانی هیچ دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە، لەکاتی هەرەس هێنانی یەکە کۆنەکانەوە، لە رێگەیەوە بروانە بۆ ئاراستەکردنی خەڵکی لە کەناڵە جیاوازەکان و دیاریکردن و جوڵاندنیان.. بەکورتی هیچ ئامرازێک بۆ ئیش پێکردنی دیموکراسی بەگشتی لەئارادا نییە. بەهەمان شێوە، ئیتاڵییەکان لە سنوری خێزانەکانیدا، لەسەر پیاوەتی راهاتوون کە زۆرجار خەڵکی تر بۆ خزمەتکردنی وولاتیان بەشێوەیەکی فراوانتر تەرخان دەکەن، ئینتیمای ئیتاڵیەکان بۆ خێزان خۆشەویستی راستەقینەیانە بۆ وولات.. و هەموو دەسەڵاتێکی فەرمی یان رەوا هەتا بۆیان دەردەکەوێ بەجێی و بێ ژیانە لە دیدگای ئەوانەوە دەسەڵاتێکی دوژمنکارە»[٣٧] بەم شێوەیە، هەموو رابەریان تاک یان گروپێ، لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوودا لەڕووی سیاسییەوە، کە هەستی یەکبوونی سیاسی نییە، هەوڵدەدات لە پێناوی هێنانەدی ئامانجە ماددییە تایبەتی و خێراکان هەوڵدەدات. و رێیتێدەچێ ئەمە

هێشتا کاری پێبکرێت بەبێ کەمترین ڕەچاوکردن بۆ هەر بەرژەوەندییەکی گشتی زۆر گشتگیر.

لە دەستدانی متمانەی ئاڵوگۆڕکراو، دڵسۆزی کورت، ئاماژە بۆ بچووکی قەبارەی ڕژێم دەکات. لە چوارچێوەی ئەو هەڵسوکەوتەی کە تێبینی دەکرێت، جیاوازی یەکلاکەرەوە لە نێوان کۆمەڵگەی گەشەسەندوو لەڕووی سیاسییەوە و کۆمەڵگەی دواکەوتوودا، لە قەبارەو ژمارەو چالاکی ڕێکخراوەکانیدا. ئەگەر گۆڕانکاری کۆمەلایەتی و ئابووری بنەما تەقلیدییەکانی کۆمەڵەکەی تێکدا یان ڕووخاند، گەیشتن بەئاستێکی بەرز لە گەشەسەندنی سیاسی پشت بەتوانای خەڵک دەبەستێ لەگەشەپێدانی شێوازی نوێ لە کۆمەڵە. دەوڵەتی پێگەیشتوو، وەکو دوتۆکڤێل دەڵێت، بەراستی پێکەوەنووسانی گشتی زانست ڕەسەنە و پێشکەوتووی ئەوانی تر پشت بەو پێشکەوتنە دەبەستێ کە بەدەستی هێناوە». جیاوازی سەرنجڕاکێش و زۆر ئاشکرا لە نێوان گوندێکی ئیتاڵی لە بانفیلد و شارێکی ئەمریکی هاوشێوەی، ئەوەیە کە لە دووەمیاندا هەیە «لە هاواری جموجۆڵ (لە ڕێکخراوەکاندا) کە ئامانجی پاڵنانە بەخۆشگوزەرانی یەکگرتووەوە بۆ پێشەوە، بەلانی کەمەوە بەشێوەیەکی بەشەکی»[٣٨] بەلام لە بەرامبەر گوندێکی ئیتاڵی لەسەر یەک کۆمەڵە ڕاوەستاوە لە هیچ چالاکییەکی گشتیدا بەشداری ناکات. نەبوونی کۆمەڵەکان و، ئەو ئاستە نزمە لە گەشەسەندنی ڕێکخراوەیی، سیفەتێک کۆمەڵگە خاوەن سیاسەتە خراپەکارو شێواوەکانی پێ جیادەکرێتەوە. لە ئەمریکای لاتینیدا کێشەیەکی گەورەیە، وەک جۆرج لۆدج ئاماژەی پێ کردووە: «بە نزیکەی ڕێکخستنی کۆمەلایەتی بەو مانایەی کە لە وولاتە یەکگرتووکاندا دەیزانین کەمە». «بۆشاییە لە هێزی جولاندن و ڕێکخستندا» وای کردووە دیموکراسی شتێکی گران و گەشەسەندنی ئابووری هێواش بێ. کۆمەڵگە تەقلیدییەکان توانیان بەسەرکەوتوویی ڕژێمە سیاسیەکەیان بگونجێنن بۆ ئەوەی لەگەڵ داواکارییەکانی نوێگەریدا بگونجێن، ئەم سەرکەوتنە تاڕادەیەک ڕاستەوخۆ پشت بە لێهاتووی و توانا ڕێکخراوەییەکان دەبەستێ لای گەلەکانیان. تەنها گەلی دانسقە، کە

برێکی زۆر لەم لێهاتووییان هەیە، وەک یابانیەکان، ئەتوانێ هەستێ بەگۆڕینی سەرکەوتوو بۆ ئابووری پێشکەوتوو و رژێمی فەرمانڕەوایی هاوچەرخ. لوسیان پلای لەم بوارەدا دەڵێت: «کێشەکانی گەشەسەندن و هاوچەرخبوون، بەستراوە بەپێویستی دۆزینەوەی رێکخراوەیی چالاکترو گونجاوترو ئاڵۆزترو عەقڵانی ترەوە.. تاقیکردنەوەی (ئەزموونی) بنچینەی بۆ گەشەسەندن، لە توانای گەل دایە لە دۆزینەوەی شێوە رێکخراوەیی گەورەو ئاڵۆزو نەرم، پارێزگاری لێکردنی»(٣٩)

بەڵام توانای دروست کردنی دامەزراوەیی لەم شێوەیە ئەمڕۆ بوونی دەگمەنە لە جیهاندا بە(تەواوی) ئەو توانایە بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستی ئەخلاقی و، بۆ دروستکردنی سیستەمی رەوای گشتی، کە لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە، ئەوەیە کە کۆمۆنیستەکان پێشکەشی دەوڵەتە تازە هاوچەرخبووەکانی دەکەن.

* ئەم وەرگێڕدراوە تەنها پێشەکی و بەشێکە لە کتێبی ناوبراو کە سامۆیل هاتینگتۆن نووسیویەتی.